


# ئاسۆی کتێبخانە

بڵاوکـراوەیەکی مانگانەی تایبەتمەندە بەزانستی کتێبخانەو زانیارییەکـان
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە سپۆنسەری کۆمپانیای (ئاسیا سێڵ) دەریدەکات
ژمارە (٨) ٢٠١٠/٥/١٣

## لە هەولێر ڕۆژی جیهانیی کتێب بەرز ڕاگیرا



ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٢٥، بەبۆنـەی ڕۆژی جیهـانیی کتێبـەوە کـە دەکەوێتـە ٤/٢٣ی هـەموو سـاڵێك، بـەئامادەبوونی وەزیـری ڕۆشـنبیری‌و لاوان‌و ژمارەیـەکی بەرچـاو لـە نووسـەرو ڕوناکبیران لـە کتێبخانەی گشتیی هـەولێر (زەیتـون) مەراسـیمێکی شایان بەوبۆنەیە سازکرا.

لەمەراسـیمەکەدا وەك ڕێزلێنـان لـە نووسـەرو ئەدیبـە زینـدووەکانی شـاری هـەولێر، ئەوانـەی ساڵانێکی زۆرە خزمەتی وشەو ڕوناکبیریی کـوردیی دەکـەن، ١٠ هـۆڵی نـاونراو بـە نـاوی ئەوانـەوە لـە کتێبخانەی گشتیی هەولێردا کرانەوە.

پاشـان لـە هـۆڵی (سـوبحی کـۆیی) درێـژە بـە مەراسیمەکە دراو سـەرەتا بەڕێوەبـەری کتێبخانـەی گـشتیی هـەولێر سوپاسـی هەریـەك لـە بـەڕێزان سـەرۆکی حکومـەت‌و پارێزگـاری هـەولێری کـرد بـۆ ئاوڕدانەوەیان لە کتێبخانەکە.

ئینجـا وەزیـری ڕۆشـنبیری پیرۆزبـایی ئـەو ڕۆژە گرنگـەی لـە ئامـادەبووان کـردو جـەختی لەسـەر پشتیوانیی بەردەوامی حکومەتی هەرێم کـردەوە بـۆ پێشخستنی کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان.

دواتـریش بـە چـەند چـالاکییەکی تـر پرۆگرامـی بۆنەکە دەوڵەمەند کرا.

(لــە ل/٣ دا ڕاپۆرتێــك لەمبارەیــەوە دەخوێنیتەوە).

## لە کتێبخانەی کۆنگرێس نامەکان دەکرێنە دۆکیۆمێنت



**الشرق الأوسط**

ڕەنگـە کەسـێك بەبیریـدا نـەهاتبێت، ڕۆژێ لـە ڕۆژان نامەو یادەوەریی هونەرمەندێك یان کەسێکی میللی بـچێتە نـاو ماڵپـەڕی ئـەلیکترۆنی (تویتـەر)و ببێتە بەشێك لەو کلتورە جیهانییەی لە گەورەترین کتێبخانەی جیهاندا دەپارێزرێت.

کتێبخانەی کۆنگرێس کـە ٢١٠ سـاڵە زانیـاری‌و مێژووی ڕوناکبیریی دەپارێزێ، بە پێی ڕێکـەوتنێك لەگـەڵ ماڵپـەڕی (تویتـەر) پێـشوازیی لـە نامـەی بەشداران دەکـات بـە مـەرجێك لـە ١٤٠وشـەو هێمـا تێنەپەڕێت، تا ئێستا ئـەم پرۆژەیـە خـاوەنی ١٦٧ تیرابایتە لە زانیاریی ئەلیکترۆنی.

**(لـە ل/٣ دا ڕاپۆرتێـك لەسـەر کتێبخانـەی کـۆنگرێس دەخوێنیتەوە).**

## هیلاری مانتل خەڵاتی پۆکەر وەردەگرێت




www. annabaa.org

خاتوو هیلاری مانتل خەڵاتی پۆکـەری بـەریتانی بەرامبـــەر ڕۆمانـــە مێژووییەکـــەی (ولف هول) پێ‌بەخشرا.

ئـەم ڕۆمانـە سەرگوزشـتەی ژیـانی سیاسـیی ئینگلیـز (تۆمـاس کروموێـل) دەگێڕێتـەوەو نووسەرەکەی لـە ئاهەنگێکدا لـە (جایلد هـۆڵ) خەڵاتەکەی پێ‌بەخشراو بریتی بوو لە ٨٠ هـەزار دۆلار، ئەمە بێجگە لەوەی پێشبینی هەڵکشانی فرۆشتنی ڕۆمانەکەشی دەکرێت.

خـاتوو مانتـل کـە تەمـەنی ٥٧ سـاڵە لـە ئاهەنگەکـەدا وتـی"بـۆ مـاوەی ٢٠ سـاڵ دوو دڵ بـووم لەسـەر نووسـینی ڕۆمانەکـەم"، هەرچۆن ئەنـدامێکی لیژنـەی داوەرانـیش وتـی"میتـۆدی نووسـینەکەی دژەبـاوەو ڕۆمـانێکی نـوێی نووسیوە، هەرچەندە ڕووداوەکـان دەگەڕێنـەوە بۆ سەدەی شانزەیەم".

## لە سلێمانی پێشانگایەك بۆ کتێبی کوردی



بەبۆنەی یادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردی (٤/٢٢) و ڕۆژی جیهانیی کتێب (٤/٢٣)، لە هۆڵی شێخ نـوری شـێخ سـاڵح لــە کتێبخانــەی گـشتیی سـلێمانی، پێشانگایەکی هاوبەش بـۆ کتێبـی کـوردی بۆچـەندین دەزگای بڵاوکردنەوەو کتێبخانە کرایەوەو ژمارەیەکی زۆر لـە خوێنـەرو ڕونـاکبیران سـوودمەندبوون لێـی، بەتایبەت کە بڕی داشکاندنی پێشانگاکە ٥٠٪ بوو.

بەشدارانی ئەم پێشانگایە بریتی بوون لـە هەریـەك لـە: دەزگـای چـاپو پەخـشی سـەردەم، دەزگـای موکریانی، خانەی وەرگێڕان، بەڕێوەبەرایـەتی چاپو بڵاوکردنەوە، بنکـەی ژیـن، مەکتـەبی بیروهۆشـیاری، ئینـستیوتی کەلــەپوری کــورد، یانــەی قەڵــەم، کۆمپانیـای سـولی تێلیگـراف، چـاپخانەی ڕەنـج، کتێبخانـەی هـاوولاتی‌و کتێبخانـەی ئەندێشە، ئەمـەو پێشانگاکە هەشت ڕۆژی خایاند.

## پێشنیازێک

### کتێبخانەیەکی گشتیی بۆ شاری شەهیدان‌و شاعیران

ئێمـە، لـە کتێبخانـەی گـشتیی سـلێمانی، هەمیشە ستایشی خزمەتە بەرچاوەکانی بەڕێز د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح (سەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان) دەکـەین بـۆ بزاڤـی ڕۆشنبیری‌و هونەریی نەتەوەکەمان، بەتایبەت ئاوڕدانەوەی لەرەوشی کتێبخانـە گـشتییەکان لەوکاتـەدا کـە بـەڕێزیان سـەرۆکی ئیدارەی سلێمانیی حکومەت بـوون، چـونکە لەوکاتـەدا ژمارەیەکی باش کتێبخانـە لـە شارۆچـکەکاندا دروستکران، هەرچـەندە زۆربـەیان لـە ڕووی کادیرو کەرەستەو سەرچاوەو کاری هونـەریی کتێبخانەوە کەموکوڕییان زۆرە، بـەڵام دڵنیـام داهـاتووی نزیـك دەبنـە دامـەزراوی گرنگـی ڕۆشنبیری‌و پەروەردەیی بۆ ناوچەکانیان.

هـــەزار ئەفـــسووس، لەســـەروبەندی دروستکردنی کتێبخانەی قـەزاو ناحیەکانـدا، هەڵەبجـەی شـاری شـاعیران‌و شـەهیدان فەرامۆشکراو بە هۆی بوونی کتێبخانەیـەك کـە لەلایەن بەڕێز حاجی محەمەدی بـامۆکی یـەوە بۆ شارەکە دروستکراوە، کتێبخانـەی گـەورە نەکرایـە دیـاریی حکومـەت بـۆ ئـەو شـارەی مەرگەساتی کوردیان بە هەموو دنیا ناساند.

لــەم ژمارەیــەدا کــەرپۆرتاژێك لەســەر (کتێبخانــەی گــشتیی هەڵەبجــە) خراوەتــە بەرچاو، تیایدا سەلمێندراوە کە دروستکردنی کتێبخانەیـــەکی گـــەورە بـــۆ شـــارەکە لـــە پێداویـــستییە گرنگـــەکانی ڕونـــاکبیرو خوێنـــدکارانی شـــارەکەن، بـــەهیوام ئـــەم پێـــشنیازە لای خـــودی بـــەڕێزان ســـەرۆکی حکومەت‌و وەزیری ڕۆشنبیریی‌و لاوان بەهەند وەربگـیرێ‌و لـە داهاتوویـەکی نزیکـدا بـە بـەدیهاتنی ئـەو پرۆژەیـە گیـانی شـەهیدانی ئاسوودە بکات‌و شادیش بخاتـە دڵـی هـەموو ئەو خوێندکارو ڕوناکبیرانەی کە خوێندنـەوەو کتێبخانـە بەفاکتـەری گرنگـی پێـشکەوتن دەزانن لە ژیاندا.

**سەرنووسەر**



فاوست بەکوردی 2

کتێبخانەی تایبەت 4

کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجە 7

بارۆنی سەر دارەکان 9

# ژین، ڕۆژنامەیەکی ئەدەبی

هەڤاڵ ئەبوبەکر*

لێکۆڵینەوە لە ڕۆژنامەگەریی کوردیی، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی بابەتیانە بێت، وا لە توێژەرو لێکۆڵەران دەخوازێت، کە جگە لە سەلیقەو توانستو ئاشنایەتیی بە تیۆرو میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە، بەئاگاو کاراو چاودێریش بێت لە ناو کایە ڕۆژنامەگەرییەکەی کوردستاندا، چونکە هەموو کەرەستەکانی لێکۆڵینەوەمان تەنها لەناو بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانو ئەو ژمارە سەرچاوە کەمەدا دەستناکەوێت کە لێیانەوە بگەینە ئەو ئامانجانەی توێژەرێکی ئەکادیمیی دەیانخوازێت لە لێکۆڵینەوەکەیدا بیانگاتێ.

بۆیە ئەگەر ڕۆژنامەوانێك ئاوێزانی کایە زانستییەکان ببێت، بەتایبەتی بۆ ڕۆژنامەگەریی کوردیی، شیاوانەتر لە توێژەرێکی نائاشنا بە ڕۆژنامەگەریی دەتوانێت زانستیانە لە بابەتەکان بکۆڵێتەوەو پەیببات بەو درزو کەموکورتییو کێشەو گریمانەو پرسیارو پرسانەی کە دەشێت هەموویان ئەنجامی وەڵام لە توێژینەوەکەی بخوازن، خۆ ئەگەر تەنها ڕۆژنامەوانیانەش دەستمان بۆ ئەم کەرەستەو کەیسو بابەتانە برد، ئەوا زیاتر دەتوانین لە دیاردەکان بدوێینو کەمتر بواری حاڵەتە تایبەتو تایبەتمەندەکان دەکەونە شوێنی بایەخپێدانەوە.

ئەم کتێبەی بەردەستتان (ژین، یەکەمین ڕۆژنامەی تایبەتمەندی ئەدەبییو ڕووناکبیریی شاری سلێمانی)، یەکێکە لەو توێژینەوانەی




توێژەر (یاسین قادر بەرزنجی)، کە بەر لەوەی خوێندکارێکی بەشی ڕاگەیاندنی کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی بووبێت، ڕۆژنامەوانێکی کارای بواری ڕۆژنامەگەریی کوردییو نووسەرێکی بە ئەزموونی بواری نووسینو ئەدەبیاتو ئەکتەرێکی دیاری بواری شانۆو دراماو سینەمای کوردییە، کۆبوونەوەی هەموو ئەو تاقیکردنەوەو ئەزموونانەو ئامادەیی زاتێکی وا لە ژیانی کرداریی ئەدەبو هونەرو ڕۆژنامەگەرییو دواتر خوێندنی زانکۆیدا، بەهرەو هونەرو پیشەگەرییو زانستیان پێکەوە کۆکردۆتەوە، کەمن ئەو توێژینەوانەی کە لەواقیعی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەرییەوە بە هەردوو دیدی زانستیانەو ڕۆژنامەگەرییانە مامەڵەیان کردبێت، ئەم بەرهەمە یەکێکە لەو کەمانەی کە لەبەر مەبنای ئەم میتۆدە ئاوێزانگەرییەدا نووسرابن.

(ژین) پێشتریش (ژیان)، بوون بە بەشێك لە مێژووی ئەم شاری سلێمانییەی کە نوێبوونەوەو بەخششو داهێنانەکانی زۆر لە تەمەنی خۆی زیاترن، هەر ئەم ڕۆژنامانەش لەلایەکی ترەوە بوون بە تۆماری مێژووی شارو وڵاتو دوێنێیان لە ئەمڕۆی خۆیاندا بۆ ئێستای ئێمە گواستۆتەوە، ئەدەبو دەربڕینی ئەدەبیانە خەسڵەتی دیاری زمانو دیالۆگو مەنەلۆگو دەربڕینی کوردن، پیرەمێرد دەڵێت: "من شاعیر نیم، بەڵام چیبکەم میللەتەکەم بە زمانی شیعر بۆیان نەنوسیی، ناخوێننەوە"، بۆیە هەر لەسەرەتای مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە، تەرزی ئەدەب بەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردییدا زاڵبووە، ڕۆژنامەکانی ئێمە ئەوەندەی بەزمانێکی ئەدەبیانەو بابەتی ئەدەبیانە دەرچوون کەمتر بەلای بابەتەکانی تردا چوون، دیارە ئەمەش بەهایەکی بەنرخی هەیە چونکە هەر لە مەمو زینی ئەحمەدی خانییەوە، تا بە بەرهەمەکانی گۆران دەگات، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان پاراستونی، هەموو ئەمانە لەگەڵ زاڵیی تەرزی ئەدەب بەسەریاندا، بەڵام سپێشەڵێزمانە، ئەدەبیی نەبوون، بەتایبەتیش لە شاری سلێمانیدا، کە سیاسەت بەسەر خودی ئەو ئەدەبەشدا زاڵبووە کە تەنها وەك میتۆدێك بۆ دەربڕینێکی کاریگەرانە پەیڕەوکراوە، نەك لە بەر ئەدەبەکە خۆی. ئەوەتا لە ساڵی ١٩٧٠دا کاکەی فەللاح، هەوڵی داوە ڕۆژنامەکەی تەنها ئەدەبیی بێت ئەویش بۆ ئەو بارە سەختە دەگەڕێتەوە کە ساڵی ١٩٦٨ەو ئیمتیازەکەی تێدا وەردەگرێت کە جگە لە ئەدەب، ڕێ بەهیچی تر نادەن، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کە دواتر دەچینە ساڵی ١٩٧٠و دەکەوینە دوای بەیانی ١١ی ئازار، ئەوا ڕۆژنامەکە تەنهاو تەنها هەر ئەدەبیات بڵاوناکاتەوە، وەك لە پاشکۆی لاپەڕە ١٢٠ی ئەم کتێبەشدا دەردەکەوێتو باس لە هەواڵە سیاسییەکانی ناوخۆیش دەکات، هەر ڕاوەستانی ڕۆژنامەکەیش لە ساڵی١٩٧٤دا خۆی بۆ خۆی دەلالەتی سیاسییانەی هەیەو کەم بەرهەمی ئەدەبیمان هەن کە زۆر لە مانیفێستێکی سیاسیانەی سیاسییەکان کاریگەرتر نەبووبن.

توێژەر هەوڵی داوە ئەم ڕۆژنامەیە بێنێتەوە ناو ناوان، لەکاتێکدا زۆر بەرهەمی بەپێزی ئەم وڵاتەی ئێمە وەحشیگەرێتیی دوژمنەکانمانو شەڕی براکان لە کۆنو نوێدا خستبوونیە ژێر تۆزی ڕۆژگارەوە، دەخوازرا لەم کتێبەداو لە پاشکۆکەیدا لانی کەم ئۆرگیناڵی ئەو ٢٤ ژمارەیەی توێژینەوەیان لەسەر کراوە هەبن، دەخوازرا بەلای هەڵەی چاپو ڕێنووسە عەرەبییەکان کەمترو باشتر بن، دەخوازرا ڕوناکبیریی لە ناونیشانەکە هەڵبگیرێت، دواجاریش بەڕوونیی ئەوە بە ئامارێك بسەلمێنرێت کە لەکۆی بابەتە بڵاوکراوەکانی ژینی کاکەی فەللاح چەندیان تەواو ئەدەبین، تا بەتەواوی ئەوە بخەملێت کە ڕۆژنامەیەکی تایبەتمەندانەی ئەدەبیی بووە، وەڵامی ئەو پرسیارەش ڕوونتر دەربکەوتایە کە بۆ نووسەرانی ئێمە ئێستاشی لەسەر بێت پەنا بۆ دەربڕینی ئەدەبیانە دەبەن؟

دیارە گریمانەو پرسیارگەلی زۆر هەن، توێژەر توانیویەتی بەشێکی ئەمانە وەڵام بداتەوە، ئەوی تریشی دەکرێت ببنە تەوەر بۆ لێکۆڵینەوەی فراوانتری توێژەرو توێژەرانی تری کوردستانیش، بۆیە بە قەد ئەوەی داوادەکرێت لە خوێندکارێکی دوا قۆناغی خوێندنی بەرایی زانکۆیی، کاکە یاسین زیاتری کردووەو لەوەی پێویستە بۆ باسێکی دەرچوون، زۆرتری کردووە، بۆیە ئەم کتێبە نەك تەنها سەرچاوەیەکە لە بواری ڕۆژنامەگەرییدا، بەڵکو چاوگێکیشە بۆ هەڵێنجانی ناونیشانو ناوەڕۆكو گریمانەو زۆر پرسیاری کراوەی تر، بۆ لێکۆڵینەوە.

- **ژین.. یەکەمین ڕۆژنامەی تایبەتمەندی ئەدەبیو ڕوناکبیریی شاری سلێمانی**
- **نووسینی: یاسین قادر بەرزنجی**
- **سلێمانی، کۆمپانیای پیرەمێرد بۆ چاپو بڵاوکردنەوە، ٢٠١٠**

*مامۆستای ڕۆژنامەگەریی لە زانکۆی سلێمانی

# فاوست بە کوردی

ئەنوەر قادر ڕەشید*

شانۆنامەی (فاوست) لەهەردوو بەرگەکەیدا بە یەکێك لە شاکارە هەرە بە ناوبانگەکانی دونیا ئەژمار دەکرێتو کەم داهێنان هەیە بە ڕادەی (فاوست) مشتومڕو لێکۆڵینەوەو شیکاری بۆ کرابێ، بەهۆی ناوبانگی مێژوویی (فاوست)ەوە کە بە جادووگەرو ساحیرێکی بێوێنە ناسراوەو ئەو دارشتنە گومانڕەویەی یۆهان ڤۆلفگەنگ گۆتێە (١٧٤٩-١٨٣٢ز) پەیڕەوی کردووەو بەدرێژایی تەمەنی ئەو شاعیرە ئەڵمانیە کلاسیکەی لە مێژووی داهێنەرانی بلیمەتی جیهاندا جێی خۆی کردووەتەوە.

بەرگی یەکەمی ئەو شانۆنامەیە، یان چاکتر بڵێین شانۆنامەی یەکەمی فاوست ساڵی ١٨٠٨ نووسراوەو ئەوی دووەمیان ساڵی ١٨٣٢ تەواو بووە.

هەردوو بەرگەکە لەو گرێبەستەوە سەرچاوە دەگرێ کە شەیتان (مێفیستۆفیلس Mephistopheles) لەگەڵ خواوەندا مۆری دەکا بۆ لە خشتەبردنی مرۆڤ و ئومێدیشی بە کەم بڕواییو کورتبینی مرۆڤە، بۆیە هەموو هەوڵەکانی لە (فاوست) دا چڕ دەکاتەوەو دەتوانێ بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوەو لە بەرگی یەکەمدا بەگەنج بوونەوەی فاوستو کەوتنە داوی ئەوینی مارگرێت، تاوانەکان پیادە دەکرێو کۆتاییەکەی بە زیندانی کردنی مارگرێت دەبێ کە بێ ویستی خۆی ژەهری داوەتە دایکیو ڤالانتینی برای دەبینێ لە خوێنی خۆیدا گەوزاوەو خۆیشی بە پەیوەندیەکی ناشەرعی لەگەڵ (فاوست)دا دووگیان دەبێ.

کاتێکیش فاوست دەیەوێ ڕزگاری بکا ئەو ڕازی نابێو خۆی لەو داوە قوتار دەکاو دەچێتەوە باوەشی پاکیو بێگەردی، لە شانۆنامەی دووەمیشدا فاوست خۆی عەودالی بەختیاریەو نە لە جیهانی بچووك (بەرگی یەکەم)و نە لە جیهانی گەورە (بەرگی دووەم) ئەو بەختیارە بەدەست ناهێنێ تا ئەو کاتەی پیتو بەرەکەت بۆ زەویەك دەگێڕێتەوە کە سوودی بۆ خودی خۆی نییە بەڵکو یارمەتیو بەختەوەرکردنی خەڵکانی ترە.

زوربەی زۆری دەرهێنەرە ناودارەکانی جیهانی شانۆ ئەم شانۆگەرییەیان بەرهەم هێناوەو هەندێکیان چەندین جار لە قۆناغەکانی ئەزموونی خۆیاندا بەدیدو تێڕوانینی جیاواز کاریان تیا کردووە.

نووسەرو وەرگێڕی بە ناوبانگی عەرەب (د.عەبدولڕەحمان بەدەوی) لە هەشتاکانی سەدەی رابوردوودا کردوویە بە عەرەبیو (دلێر میرزا) لەمساڵدا (٢٠١٠) لە دوو بەرگی جواندا بە زمانێکی پاراو وەریگێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، لەو دوو بەرگەدا کە بە قەبارەی (A4) چاپکراوە، پێشەکیەکی (٣٥٠) لاپەڕەیی دانسقەی چاپە عەرەبیەکەی لەخۆی گرتووە.

بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان ئەرکی لە چاپدانی لە ئەستۆ گرتووەو بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە نایابە بریتییە لە (٦٠٨) لاپەڕەو بەرگی دووەمی (٤٠٤) لاپەڕەیە.

وەرگێڕانی لەو جۆرە شاکارە جیهانیانە کتێبخانەی کوردیمان دەوڵەمەند دەکاو زیاتر لە تێکستە جیهانیەکان نزیکمان دەکاتەوە، بەتایبەت شاکارە جیهانیە کلاسیکیەکان لە ڕۆمانو شیعرو شانۆو...هتد.

کاتێ ئەم شاکارە دەخوێنیتەوە، ئینجا دەزانی کاك (دلێر میرزا) چەند بە پەرۆشو دەستپاکیەوە ئەو دەقەی وەرگێڕاوەو چەند لەگەڵیدا ماندوو بووەو شاکارێکی خستوەتە بەردەستمان کە بۆ هەموو زمانەکانی دونیا وەرگێڕاوەو کولتووری جیهانی پێی ئاشنایە.

- **فاوست**
- **نووسینی: گۆتێ**
- **وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: دلێر میرزا**
- **سلێمانی، خانەی وەرگێڕان، ٢٠١٠**

*نووسەرو ڕەخنەگری شانۆیی




## کتێبەکانی کتێبخانەکەم

د. فەرهاد پیربال

# مێژووی ئەدەبی کوردی


عەلادین سەجادی

کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) نووسراوی عەلادین سەجادی، یەکێك بوو لە یەکەمین ئەو کتێبانەی لە ژیانمدا باندەستیان لەسەر مندا هەبوو.

پێش ئەم کتێبە، چەندین کتێبی دیکەم خوێندبوونەوە، بەڵام بەبیرمە، ئەم کتێبە گەورەترین کتێب بوو تا ئەو کاتە کەوتبێتە بەردەستم.

وا بزانم ساڵی ١٩٧٥ بوو، ئەو کاتە تەمەنم (١٤-١٥) ساڵێك دەبوو، کاتێ لە مەکتەب دەگەڕامەوە، ئێواران دەچوومە تۆپانێ، یان سینەما، یان لەگەڵ برادەرەکانم دەچوومە ئاقارەکەی پشت مزگەوتی سپی بەدوای گوجیلەو کەرە پشتگوڕووەکان دەکەوتینو میزمان لە کونە دووپشکان دەکرد بۆ ئەوەی بێتە دەرەوەو بیانکەینە ناو شووشەیەکەوە، یانیش دەچووم بەدزییەوە دەستم دەدایە کتێبێکی ناو دەلاقەکەی صەباحی کاکم، بیخوێنمەوە.

من ئێستاش ناتوانم بڕیار بدەم ئاخۆ کامەیان لەمانەی باسم کرد لە هەموویان باشتر بوو؟ چونکە هەموو ئەم هیوایەتانە زۆربەیان باش بوونو زۆربەیان بۆ ئەو تەمەنەی ئەو کاتی من پێویستو خۆش بوون، سەتەلایتو سیدیو پلەی ستێشن نەبوو، تەلەڤزیۆنیش تەنیا بەشەوان هەبوو، رادیۆش تەنیا دەنگوباس یان ئەو گۆرانییانە بوو کە پێشتر پەنجا جار گوێم لێیان راگرتبوو.

صەباحی کاکم لەناو ماڵەکەماندا سێ ریز دەلاقەی پڕاوپڕ کرد بوو لە کتێب، لەناو ئەو کتێبانەدا (مێژووی ئەدەبی کوردی) سەرنجی راکێشا بووم، ئەمەش لەوانەیە تەنیا بە هۆی گەورەییو قەبارە زلەکەیەوە نەبووبێ، بەڵکو بەهۆی ئەم هەموو وێنە زۆرو زەبەندانەی ناوەوەی کتێبەکە، کە نیگارەکان سەرنجی هەرزەکارێکی وەك منیان راکێشا بوو.

کەواتە، با وەزارەتی رۆشنبیریو پەروەردەو دامودەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوە بزانن: کتێبی وێنەدار، زۆرتر سەرنجی خەڵکی هەرزەکارو گەنج رادەکێشێ بۆ خوێندنەوەی! من دەڵێم تەنانەت بۆ خەڵکی گەورەش هەر وایە!

ئیدی بە دزییەوە کتێبەکەم بردە ژوورەکەی خۆم لەسەرەوە، دەرفەتێکی باش بوو، چونکە صەباحی کاکم قوتابیی بەشی مێژوو، لە زانکۆی مووسڵ بوو، هەستام نیوەی کتێبەکەم سەرتاپا بە دەستوخەتی خۆم نووسییەوەو گواستمنەوە ناو دەفتەرێکی خۆم.

بە بیرم نایە هەرگیز باوکم بە منی گوتبێ (فەرهاد دەرسەکەت بخوێنە!) دایکیشم هەرگیز پێی نەگوتووم"بخوێنە"، کە ئەم قسەیە هەمیشە هەرزەکارو قوتابی ناڕەحەت دەکا، ئیدی وا بزانم (ئەم بە سروشتی کتێب لە ماڵ هەبوونە) بوو کە منی پەلکێش کرد بۆ سەر خوێندنو خوێندنەوە.

من ئاوها تووشی خوێندنەوە بووم: کتێبکم لە ناو ماڵەکەماندا دیتو زۆر ئاساییو سروشتییانە چووم دەستم دایێو خوێندمەوە، چونکە کتێبەکانی دیکە (کتێبەکانی قوتابخانە): کتێبی"واجیبات"و "ئەمر" .."بۆ دەرەجە وەرگرتن" بوو، بەڵام ئەمانەی ناو دەلاقەکە: "کتێب" بوون!

ئەم کتێبەی عەلادین سەجادی، ئەو ساتە بۆ من هیچ نەبوو جگە لە شیعر، جگە لە باسو خواسی چەند شاعیرو مەلایەكو چەند عاشقێکی وەك وەلی دێوانە! بەڵام ڕێگایەك بوو بۆ من، بۆ ئەوەی کەڵکەڵەی خوێندنو کتێب خوێندنەوە بکەوێتە سەرمو بچم لە ناو دەلاقەکەی کاکمدا بە دوای کتێبی جۆراوجۆری دیکەدا بگەڕێم.

کتێبی(مێژووی ئەدەبی کوردی) نووسراوی عەلادین سەجادی، بە بیرم دێ، بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا، زۆر سادەو ساکارانە، بەمنی گوت(کورد میللەتێکە.. جیایە لە نەتەوەکانی عەرەبو تورکو فارس .. ئەمەتا ئەمەش ئەدەبیاتە شیعرییەکەی))، ئەمە بۆ ئەو کاتەی من گرنگ بوو.

کتێبی ناوبراو کەڵکەڵەیەکی سادەیشی خستە کەللەمەوە بۆ لاساییکردنەوەی ئەو لیریكو شیعرو حەکایەتانەی کە هەموو هەرزەکارێکی وەك منی ئەوسا حەزی لێ دەکا.

ئەم کتێبە

• پ.د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ

## "کلۆڵان"ی ڤیکتۆر هیگۆ (١٨٠٢-١٨٨٥)

بەتەواوی نازانم چ ساڵێك(کلۆڵان)ی ڤیکتۆر هیگۆم خوێندۆتەوە، بەڵام دەزانم کە لەسەرەتای ساڵانی پەنجای سەدەی بیستەمو پێش ئەوە بوو بەکوردی بچێتە سەر شانۆو برای شاعیرمان محەمەدی ئەحمەدی تەها(کامەران موکری) رۆڵی(جان ڤاڵ جان)ی قارەمانی رۆمانەکە ببینێ کە ساڵی ١٩٥٢ کرا بەشانۆگەری. چونکە لە بەشی عەرەبیی ئێمە لەزانکۆی بەغدا دەووترا کە ناونیشانەکە بەهەڵەکراوە بەعەرەبیو نووسراوە چونکە(البؤساء)کۆی سیفەتی(ذوبأس) واتە خاوەن توانایە، ئەمە دەبوو بەعەرەبی (البائسون) بووایە کە کۆی(بائس—واتە: کلۆڵە). ئەوەشم لەبیرە کە کاتێ هەر لەخانەی بەرزی مامۆستایان شانۆگەریی"بازرگانی ڤینیسیا"مان دەنواندو مامۆستا حەقی ئەلشبلی دەرهێنەر بوو، هەموو دەم بەئاواتی دەخواست کە یەکێك یارمەتیی بداو(هیرنەنی)ی ڤیکتۆر هیگۆ وەرگێڕیو هەر لەوێ بخرێتە سەر شانۆ.

"کلۆڵان" چیرۆکی کۆمەڵێك کەسی کارکەرو کلۆڵەو(جان ڤاڵ جان)ی نوێنەریان هەموو کلۆڵی یەك دەبینێ، هەر ئەو کاتە دوکتۆر مستەفا جواد دەهاتو لەپراوەدا گوێی لە عەرەبی یەکەمان دەگرتو هەڵەی بۆ راست دەکردینەوەو جاروبار بەدەم کارەوە لەگەڵ مامۆستا(حەقی)دا دێڕە شیعری ڤیکتۆر هیگۆیان بۆ یەکتر دەخوێندەوەو ئەو کاتە زانیم کە هیگۆ زیاد لەوەی رۆماننووس بێت شاعیر بووە، هەر لەبەر ئەوە مامۆستای فەڕەنسی یەکەمان(مادام البصیر) کە فەڕەنسی بوو، هاندرا لەو دوو ساڵەی فەڕەنسی خوێندنماندا هەندێ شیعری هۆگۆمان پێ لەبەر بکات.

هەر ئەو کاتە زانیمان کە ڤیکتۆر هیگۆی شاعیر یەکێکە لەڕابەرەکانی شیعری رۆمانتیکیی جیهان.

جارێك دەمویست(هەردی)ی شاعیر بجوولێنم، ووتم: ڤیکتۆر هیگۆ کوڕێکی دەمرێ پاش بیست ساڵ شینی بۆ دەنووسێ، هەردی تێم گەیشت کە داوای لێدەکەم پاش ساڵەها شینێکی(هەردی) یانە بۆ (دارا)ی جوانەمەرگی کوڕی بنووسێ. بەڵام بەداخەوە نەنووسرا چونکە شیعر بەزۆرو بەپێشنیاز نانووسرێ. بەڵام خۆزگە(کلۆڵان) یەکسەر لەفەڕەنسییەوە دەکرا بەکوردی، با لەعەرەبییەوە نەبێ بۆ ئەوەی کورد ووتەنی نەبێ بەچێشتی دووجار کولاو.

لە کتێبخانە بەناوبانگەکانی جیهان

# کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی

ئا. راستی و ساکار



ئەم کتێبخانەیە، ساڵی ١٨٠٠ بەمەرسومێکی فەرمیی کۆنگرێس دامەزراوە لەسەردەمی سەرۆك (جۆن ئادمز)دا، ئەو کاتەی حکومەتی ئەمریکا لە (فیلادلفیا)وە گوێزرایەوە بۆ واشنتۆنی پایتەختی نوێ، ئامانج لەم کتێبخانەیە لەوکاتەدا ئەوە بوو ببێتە سەرچاوە بەتەنیا بۆ کۆنگرێس لەو دەمەدا، سەرمایەکەشی (٥) هەزار دۆلار بووەو هەر لە کۆنگرێسدا بووە، تا لە ساڵی ١٨١٤دا داگیرکارە بەریتانییەکان پایتەختیان ئاگر باران کردو کتێبخانە بچووکەکەشیان سووتاند.

بەدوای ئەوەدا، (جیفرسۆن)ی سەرۆکی خانەنشین کتێبخانەکەی خۆی بەخشیوەتەوە ئەو کتێبخانەیەو بریتی بووە لە مایەی گرنگیدانی ٥٠ساڵەیو گەلێ لەسەرچاوەکانی مەعریفەو زانستیو مێژوو و فەلسەفەی تیادابووە.

ساڵانی ١٨٦٤-١٨٩٧ (سبافورد) بەرپرسی کتێبخانەکە بووەو رۆڵی مەزنی هەبووە لە دامەزراندنەوەو گەشەپێدانیداو فەرمانی داوە کە هەر نووسەرەو دووان لە کتێبەکانیان بسپێرن بە کتێبخانەکە، بەوەش لە ماوەیەکی کورتدا بووەتە خاوەنی دەیان هەزار کتێب، لەگەڵ نەخشەو تۆمارەکانی موزیك. ساڵی ١٨٧٣ بە کۆششی ئەو، کۆنگرێس بڕیاری دروستکردنی کتێبخانەیەکی نوێی داوەو لە (١)ی نۆڤۆمبەری ١٨٩٧دا بە ئامادەبوونی خەڵکێکی زۆر کتێبخانە نوێیەکە کراوەتەوەو بووەتە یەکەمین کتێبخانەی گشتیی بۆ هەموو خەڵکی ئەمریکاو یەکەمین کتێبخانەی والا بۆ هەموو گەل.

### گەورەترین کتێبخانەی جیهان

کتێبخانەی کۆنگرێس، بەگەورەترین کتێبخانەی جیهان دادەنرێتو تیایدا زیاتر لە ١٣٠ ملیۆن سەرچاوەی لە کتێبو بەڵگەنامەو کەرەستەی دیکەی تێدایە ژمارەی کتێبخانەکانی بریتین لە ١٨ ملیۆن کتێبو چاپکراوەکانی بە ٤٥٠ زمانو تیایدا زیاد لە ٥٨ ملیۆن بەڵگەنامە چنگ دەکەونو یەکەمین سەرچاوەیە بۆ بابەتەکانی یاساو نەخشەو فیلمو بابەتە موزیکییەکانیش.

کتێبەکان نیوەیان بەزمانی ئینگلیزینو ئەوانی تر بە زمانەکانی تری وەك عەرەبین کە (٦٠٠) هەزار سەرچاوەی بەو زمانە تێدایە.

هەروەها ژمارەی دەستنووسەکانی گەیشتوونەتە ١٤ ملیۆنو وێنەکانیش ژمارەیان ١٤ ملیۆنە، وێنەکان بریتین لە خەڵکی ئاساییو گرنگو سەرۆکی وڵاتانو وێنەی جەنگو رووداوە سروشتییەکانو کەسایەتییە ناسراوەکانو تابلۆی هونەریی.

ژمارەی نەخشەکانیشی بریتین لە(٥)ملیۆنو بابەتە تۆمار کراو و وێنە گیراوەکانیش بریتین لە گۆرانیو موزیك فیلمی سینەمایی، شانۆگەریی، وتاری سەرجەم سەرۆکەکانی ئەمریکا لەو دەمەوەی تۆمارکردن داهێنراوە، هەرچۆن کتێبخانەکە (٥) ملیۆن دکتۆرانامەی پاراستووە کە لەسەرانسەری جیهاندا بە دەستهێنراون.

### سەرچاوە رۆژانەییەکان

رۆژانە نزیکەی (١٠) هەزار سەرچاوە لە کتێبو فیلمو گۆرانیو موزیك دەگەنە کتێبخانەکەو بەوپێیەی هەر خۆیشی (دەزگای نیشتمانیی) کتێبە، خاوەنداری هەموو مافەکانی دانانو چاپە لە ئەمریکادا، هاوکات رێبەری تەلەفۆنیی شارەکانی ئەمریکا هەر لەم کتێبخانەیەدایەو رۆژانە ژمارەی نوێی دەخرێتە ناو لەگەڵ ١٥٠٠ رێبەری تەلەفۆنیی شارانی جیهان لەهەر شەش کیشوەرەکەدا.

### چالاکیی تر

لەبەشی دەگمەنەکاندا، هامشۆکەران تەماشای سەرچاوە دەگمەنەکانی وەکو یەکەمین کتێبی چاپکراو لە ئەمریکاو چاپێکی یەکەمینی ئینجیل دەکەن، کە لە ئەڵمانیا لەچاپدراوە، هەرچۆن بوونی سەنتەری پیشەو ئارەزووە فۆلکلۆریو میللییەکان هانی خەڵکی دەدەن بۆ سەردانی زیاتری کتێبخانەکە.

هاوکات ئەم کتێبخانەیە چالاکیی روناکبیریو هونەریو کۆمەڵایەتیی دەنوێنێت، لەوانە نمایشی فیلمو سازکردنی ئاهەنگی گۆرانیو موزیك، لەگەڵ ئەنجامدانی سیمیناری فکریی کە تیایاندا گەورە فەیلەسووفو بیرمەندانی جیهان ئامادە دەبن.

هەر لە کتێبخانەی کۆنگرێسدا پێشبڕکێی نێوان خوێندنگاکان بۆ باشترین وتارو نیگاری خوێندکاران، بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن ساز دەکرێن.

*www.bab.com
* wikipedia

لەرۆژی جیهانیی کتێبدا

# هۆڵەکانی کتێبخانەی گشتیی هەولێر بەناوی روناکبیرانەوە ناونران

مەسعود مەلا هەمزە

رۆژی یەکشەممە ٢٠١٠/٤/٢٥، لەمەراسیمێکدا بەبۆنەی رۆژی جیهانیی کتێبەوە کە لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر (زەیتون)، بە ئامادەبوونی بەڕێزان د.کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیریو لاوانو مامۆستا فەلەکەدین کاکەییو ژمارەیەکی بەرچاو لە نووسەرو روناکبیرانی شاری هەولێر بەڕێوەچوو، بۆ یەکەمجار بەو ئاستە فراوانەو لە بۆنەیەکی وادا رێز لە ژمارەیەك لە ئەدیبو نووسەرو روناکبیران نراو هەریەکەو هۆڵێك لە هۆڵەکانی کتێبخانەی گشتیی هەولێر بەناویانەوە، ناونرا.



عەزیزی مەلای رەش شریتی هۆڵەکەی دەبڕێ

ئەو بەڕێزانەی کە شریتی هۆڵە ناونراوەکانیان بە ناوی خۆیانەوە بڕی، بریتی بوون لە هەریەك لە(د.مارف خەزنەدار، فەلەکەدین کاکەیی، حەمەسالح فەرهادی، عەزیزی مەلا رەشو عومەر فەرهادی)و ئەو هۆڵانەی تریش کە لەلایەن ئامادەبووانەوە کرانەوە بەناوی هەریەك لە بەڕێزان (مەحمود زامدار، د.عەبدوڵڵا پەشێو، د.عەزیز گەردی، د.کوردستان موکریانیو بورهان جاهید)ەوە ناونراون، پاشانیش هۆڵی سیمینار کە بە ناوی هونەرمەند (سوبحی کۆیی)یەوە ناونراوە لەلایەن (ئاری)ی کوڕیەوە کرایەوە.

پاشان لە کۆڕێکی وتار خوێندنەوەدا، بەڕێز زاهیر عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری کتێبخانە ئاماژەی بە هاوکارییەکانی هەریەك لە بەڕێزان د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمو نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر کرد بۆ گەشەدان بە کتێبخانەی دێرینی شاری هەولێر کە ئێستا لەم جێگا نوێیەیدا درێژە بە خزمەتگوزارییەکانی دەدات، هەرچۆن ئاماژەی بەکارکردن لەسەر پێشنیازێکی بەڕێز تاریق جامباز کرد بۆ دروستکردنی تابلۆیەك بەناوی هەموو ئەوانەی کتێبیان پێشکەش بە کتێبخانەکە کردوە.

دوای ئەویش وەزیری رۆشنبیریو لاوان پیرۆزبایی ئەم رۆژە بە نرخەی لەسەرجەم نووسەرو روناکبیرانی کورد کردو ئاماژەی بۆ بەرنامەی حکومەتی هەرێم کرد کە پێشخستنی کتێبخانەکانی کوردستانەو باسی لەو کۆنفرانسەی وەزارەتیش کرد کە لە داهاتوویەکی نزیکدا سەبارەت بە رەوشی کتێبخانە گشتییەکان دەبەسترێت.

ئینجا فیلمێکی دیکۆمێنتی سەبارەت مێژووی کتێبخانەی گشتیی هەولێر لە سیناریۆو دەرهێنانی هونەرمەند کەریمۆك نمایشکراو بە دوایدا مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی لە باسێکدا بیرەوەریی خۆی لەگەڵ کتێبدا گێڕایەوەو لەو هەلومەرجە دژوارانە دوا کە نەیهێشتووە کتێبخانەی شەخسیی خۆی ببێتە کتێبخانەیەکی گەورەو زوو زوو کتێبەکانی لە ناوچوون.

بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی هەولێر لە لێدوانێکدا بۆ(ئاسۆی کتێبخانە) وتی:

لەمێژە وتراوە کورد "مردوو پەرستی زیندووکوژە" ئێمە وتمان با لەسەر ئەو قسە کۆنە نەڕۆینو نەریتێکی نوێ دابهێنین ئەویش رێزگرتنە لەو روناکبیرانەی لە ژیاندا ماونو ١٠ هۆڵی کتێبخانەکەمان بە ناوی ئەوانەوە ناونا، ئەمە وێڕای هۆڵێکی گەورەش بە ناوی هونەرمەندی جوانەمەرگ (سوبحی کۆیی)یەوە.

# کتێبخانەی تایبەت

جەزا ئەحمەد قادر (١-٢)

بە کۆنترین جۆرەکانی کتێبخانە دادەنرێت کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ژیانی شارستانی مرۆڤەوە، کتێبخانە بوونی هەبووە لە نێو ماڵ و کۆشک و تەلارو دیوەخانەکانی پیاوانی زاناو دەسەلاتدارو ناودارەکاندا پەیدابووە، ئەم جۆرە کتێبخانەیە بەویست و حەزی خاوەنەکەی دروست بووەو رۆڵی سەرەکی هەبووە لە پێکهێنان و دەوڵەمەندکردنی بەسەرچاوەو بابەتی پێویستی خۆی، بەرەچاوکردنی باری ئابووری و سیاسی و کۆمەلایەتی و رۆشنبیری خاوەنەکەی، لەگەڵ ئەمەشدا ئارەزووی هونەریی بەکتێبخانەوە دیاربووە، هەر لەدانان و ڕێکخستن و رازاندنەوەی تاق و رەفەو شوێنی دانیشتن و هەڵواسینی پەندو قسەی نەستەق لە نێو کتێبخانەکەدا، ئەم جۆرە کتێبخانەیە موڵکی کەسێکە یان تایبەتە بەکەسێکەوە بەبێ رەچاوکردنی باری کۆمەلایەتی و زانستی و سیاسی و رۆشنبیریی کەسەکەو ئەو زەمەنەی کە تیایدا ژیاوە ... هتد، بۆ دروست بوون و پێکهاتنی ئەم جۆرەکتێبخانەیە، هەمووکەس دەتوانێت کۆشش بکات لەپێناو دامەزراندن و دەوڵەمەندکردنی بەسەرچاوەی زانستی و ڕۆشنبیریی هەمەچەشن و هەمەڕەنگ، هەر لە کتێب و گۆڤارو نامیلکەو دەستنووس و پۆستەرو بڵاوکراوەو ونامەو وێنەو بەڵگەنامە.

کتێبخانەی تایبەت بەخواستی خاوەنەکەی دروست دەبێت، واتە خۆی حەزو خولیاو ئارەزووی چ سەرچاوەیەك بکات، ئەوسەرچاوانە لەخۆ دەگرێت، ئیتر بە هەرشێوەیەك لەشێوەکان پەیدای بکات، کەهەندێك لەو ڕێگایانە (دیاری و ئاڵوگۆڕوکڕین)ن.

**ڕێگاکانی بە دەستهێنانی کتێب**

ئەو کتێب و بابەتانەی لەو کتێبخانانەدا هەبوون، بێگومان لە یەکێك لەم ڕێگایانەوە بەدەست کەوتوون:

- نوسین: واتە نووسراوو دانراوی کەسەکە خۆی بوو بێت، وەك (زانایان، دانایان، فەیلەسووفان، مێژوونووسان... هتد) بە خامەو تیانووس و پێنووسی دەستکردی خۆیان نوسراوە.
- لەبەرگرتنەوە: بەچاوپۆشین لەوەی کە بۆ خۆی بوو بێت یان بۆ پارەو فرۆشتن، ( لە کۆندا بە دەستنووس بووە، لە ئێستادا بە ئامێری تایبەت و کۆمپیوتەر).
- کڕین: بەچاوپۆشی لە باری دارایی خاوەنەکەی کە زۆربەی کات زۆر بە هەژاری کتێبخانەیەکی تایبەتی کەسێتی پێکدێت.
- دیاری لە لایەن دۆست و هاوڕێ و هاوەڵان و هاوکاران و هاوپیشەکانەوە.
- ئاڵو گۆڕکردنی سەرچاوە بەویستی خاوەن کتێبخانە لەگەڵ چەند کەسێکی دیاریکراودا.
- دزینی مێژوویی: وەك دزینی هەندێك سەرچاوەی بەنرخی دانایی و حیکمەت، کە تەنها پەیوەست بووە بەپاشاکان و هەر پاشایەك بۆ ناوو ناوبانگ حەزی کردوە کتێبێکی تایبەت بەناونیشان و سەردەمی خۆی هەبێت، کە لەپاش خۆی ناوی بچێتە مێژووەوەو بە نەمریی بمێنێتەوە، وەك کتێبی بەنرخی (کلیلەو دیمنە)ی بەیدەبای فەیلەسووفی هیندی و چیرۆکی دزین و لەبەر گرتنەوەی( بورزەوەی) کە چۆن لەگەڵ پاسەوانی کتێبخانەی تایبەتی پاشادا ڕێك کەوت و بە دزییەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لەو شارەدا مایەوەو رۆژانە چەند لاپەڕەیەکی دەنووسییەوە، کاتێك هێنایەوە بۆ ئێران چۆن پێشوازیی لێکراو خەڵاتی گەورەی لەلایەن پاشای ئەو سەردەمەوە کرا.

بە پێی هەر سەردەمێك سەرچاوەو بابەتەکانی نێو کتێبخانە دەگۆڕێت، بۆ نموونە، لە دێر زەماندا زیاتر پەیوەست بووە بەلایەنی رۆحی و ئایین و چیرۆك و ئەفسانەو داستان و ئەستێرەناسی و هونەری جەنگی و... هتد، بەڵام لە ئێستادا هیچ بوارێك نەماوە کە کتێبخانە لە خۆی نەگرێت، لەکۆندا ئامێری چاپ و لەبەرگرتنەوە نەبووە لە بەر ئەوە ژمارەی لەبەرگرتنەوەکان بریتیی بوون لەو ژمارە کەمەی بە دەست و پەنجە زیادی کردووە، بەڵام پاش داهێنانی پیتی چاپ و چاپخانە، دەرکەوتنی شێوازی نوێی زیادکردن و لەبەرگرتنەوە، بەتایبەتی پاش داهێنانی کۆمپیوتەر توانای مرۆڤ بۆ زیادکرنی تیراژی بڵاوکراوەو کتێب و سەرچاوەکان لەرادەبەدەر پێشکەوتووەو بەچەندین شێوەو شێوازی نوێ و رەنگاو رەنگ سەرچاوەکان دەبینرێن، هەر لە کتێب و گۆڤارو رۆژنامەو سەرچاوەو بڵاوکراوەو وێنەو پۆستەرو نەخشەو ...هتد، ئەم هەموو بڵاوکراوانەش خرانە نێو کتێبخانەوە.

**بەراوردێك لە نێوان سەرچاوەکانی ئەم جۆرە کتێبخانانەو کتێبخانەکانی تردا**

بەراورد، لە رووی:

- بیرو بۆچوونی خاوەنی ئەم کتێبخانانە .
- شێوازی کڕین و پەیداکردنی سەرچاوەکان.
- چۆنێتی ڕێکخستن و پۆلێن کردنی کتێب و سەرچاوەکان.
- پێکهاتەو شێوازی کەرەستەو شمەکەکان.
- ژمارەو قەبارەو سروشتی سەرچاوەکان.
- کەسانی سوودمەندی ئەم جۆر کتێبخانانە.
- ڕێنمایی وەرگرتنی سەرچاوەو کتێب و گێڕانەوەیان.

**جۆرەکانی کتێبخانەی تایبەت**

١- کتێبخانەی ناولێنراو ( کتێب فرۆش):

ئەم جۆرە کتێبخانانە لە زۆر جێگەدا بوونیان هەبووە، بە تایبەتی لە شارو شارۆچکەکانداو خاوەنەکانیان لە پاڵ ئەم پیشەیەی خۆیاندا (کتێب فرۆشتن) شمەك و کەلوپەلی تریشیان داناوە، وەك پێداویستی کاغەزو قەڵەم و جلوبەرگی نوێ و هەندێ بابەتی تریش لەوانەی دوکانۆچکەی لاکۆڵان هەیەتی، خاوەنی ئەمە رامسیسی فیرعەونەکان و باوکی رامسیسی بچووکی هاوزەمانی حەزرەتی موسا بووە، زۆر حەزی لە کتێب بووەو لە کۆشکەکەی خۆیدا کۆی کردوونەتەوەو خستوویەتە ژێر چاودێریی تایبەتەوەو دوو خوای خۆیان، ئەویش بەناوی(تووت– سافرین) کتێبخانەکەیان ناونا بوو ( جێگای بوژانەوەی رۆح).

مانەوەی ئەو جۆرە کتێبانە (مێژووەکەی هەتا کۆنتر بێت)، وەك خۆی دەگەڕێتەوە بۆ رەسەنی و چاکی مەرەکەب، کاغەزو هۆکاری پێنووسینیان و زۆر جوان جزووبەندکردن و شێوازی ژیرانەی پارێزگاری کردنیان.

هەندێك لە دەوڵەمەندە رۆمانییەکان کە لە دەوری شاردا نیشتەجێ بوون، کتێبخانەی تایبەتی خۆیان هەبووە.. لەم بوارەدا دەتوانین ئاماژە بەو کتێبخانەیە بکەین کە لە کاتی دەرهێنانی خەڵوزی بەردین لە کانە خەڵوزێکی شاری (هیرکۆلانیۆم) دۆرزرایەوە. هەروەها لە خانوویەکی گوندێك لە رۆما کتێبخانەیەك دۆزرایەوە کە تەنها کتێبی فەیلەسووفەکانی لەخۆگرتبوو، ئەمەش ئەو راستییە ئاشکرا دەکات کە بێگومان خاوەنی ئەم کتێبخانەیە بۆچوونێکی فەلسەفی هەبووە، دەشێت هەندێ جاریش ئەم خاوەن کتێبخانانە کەمتر ئاگاداری ناوەرۆکی سەرچاوەکان بووبن و خۆیان خوێندبێتیانەوە، ئەمەش لەو سەردەمەدا وای لە فەیلەسووفێکی رۆمی کردووە کە بڵێت: (ئاستی رۆشنبیری و تێگەیشتنی ئەو کەسانەی کە کتێبخانەیان هەیە ناگاتە ئاستی کۆیلەیەك)!!

کتێبخانەی تایبەت، وەنەبێت ئەمرۆ لەم سەردەمەدا دروست بوو بێت و وەك مۆدێلێك بووبێت بەباو، بەڵکو زۆرلە مێژە کتێبخانەی( کەسێتی ) تایبەت هەبووە، دەوڵەمەند بووە بەسەرچاوە، بۆنموونە لە کاتێکدا لە ناوچەی(یوغان تەپە) لەشاری کەرکوك پشکنین بۆ دۆزینەوەی شوێنەواری کتێبخانەی (نوزیّ) دەکرا لەکاتی دۆزینەوەی تاتە قوڕینەکاندا کتێبخانەی هەردووبرا (تخیب تلا و شورکی) دۆزرایەوە، کە ژمارەی سەرچاوەکانیان دەگەیشتە هەزار پارچە نووسراوی مێخی، کە باسی لەدەیان بابەتی ئەو رۆژگارو مێژووە کردووە کە ئەوانی تێدا ژیا بوون.

هەروەها لە مێژووی دەوڵەمەندی دانراوو سەرچاوەو کتێبی ئیسلامیشدا زۆر کەس کتێبخانەی تایبەتی خۆیان هەبووە، لەوانە (جاحظ، کندی فەیلەسووف، خالیدکوڕی زەید، هەروەها صاحبی کوڕی عباد).

ئەوەی روون و ئاشکرایە هەموو فەیلەسووف و پیاوە ناودارەکان و بیرمەندانی مێژوو لەم جۆرە کتێبخانانەیان هەبووەو سامانی تەمەنیان، ئەم کتێبخانانە بوون و زۆربەیان هەر ئەم سامانەیان لە پاش جێماوە.

**کتێبخانە تایبەتەکان و هێرشی هۆلاکۆ**

لە سەردەمی شارستانێتی ئیسلامیشدا، کتێبخانەی تایبەت دەوڵەمەندییەکی زۆر گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، پاش چەند سەدەیەك لە هاتنی ئیسلام و هاندانی نووسین و خوێندنەوەو تێڕامان لە نهێنییەکانی ژیان و گەردوون و نووسینی دەیان هەزار بابەتی جیاجیاو کۆبوونەوەی ئەم سەرچاوانە لە پایتەختەکانی دەسەڵاتی ئیسلامیدا لە مەدینەو شام و بەغدا، لە سەردەمی تاڵان و بڕۆی لەشکری هۆلاکۆدا تەنها ئەو کتێبخانە تایبەتانەی تاڵان کران و فڕێدرانە نێو روباری دیجلەوە، وەك مێژووناسان تۆماریان کردووە، لەشکری هۆلاکۆی بەسەردا پەڕیوەتەوە ئەوبەری رووباری دیجلەو ئاوی دیجلە شین بووە بە رەنگاوی ئەو کتێبانە.

ئەگەر ئەو راستییە بێنینە بەرچاوی خۆمان کە ئەم کتێبانە هەر زاناو دانایەك و خواناسێك بە خامەو پێنووسی خۆی نوسیبێتی و توانای لەبەرگرتنەوە هێندە زۆر نەبووە لەو سەردەمەدا، دەبێت ئەو سەرچاوانە لەرووی جۆرو بابەت و ژمارەیان چەند بوو بێت کە ئەو پەڕینەوەیەی بە سەردا بکرێت؟ ئەوەی ئێستا ماوە چەندە لە چاو ئەوەی لەو سەردەمەدا هەبووە؟ شاری بەغداد لە رووی کتێبخانە تایبەتەکانەوە چەند دەوڵەمەند بوو لە سەرچاوەدا؟ ئەوەیش لەبەر چاو بگرین کە هەموو بابەتەکانی ئەو کاتە ئایینی نەبوون، بەڵکو دەیان و سەدان بابەتی زانستە جیاوازەکانی دانایی و پزیشکی و ئەندازیاری تەلارسازی و فەلەکناسی و زەویناسیی نەخشەو وەرگێڕان و کۆمەڵایەتی ... هتد، تێدا بووە.


شێخ محەمەدی خاڵ


مەلا مستەفای سەفوەت


مەلا عبدالکریمی مودەریس

**کتێبخانەی تایبەت لە سەردەمی نوێدا**

لە سەردەمانی نوێداو لەم چەند سەدەیەی دواییدا گرنگی ئەم جۆرە کتێبخانانە زۆر زیادی کردووەو وەك پێویستی لێهات کە هەموو ماڵێك کتێبخانەی خۆی هەبێت و لە زۆر شوێن کە دامەزراوەو دیوان و دیوەخان و زۆربەی شوێنەکاندا بوونی کتێبخانە بە پێداویستییەکی گرنگ دادەنرێت، گرنگی ئەم جۆرە کتێبخانانە لەم خاڵانەدایە:

- لە رووی دانسقەیی و دەگمەنی و نایابی سەرچاوەکانەوە.
- لە رووی جزووبەندییەوە( تجلید).
- لە رووی فراوانی سەرچاوەوە، بە تایبەتی بە زمانەکانی، جگە لە زمانی کوردیی وەك عەرەبی و فارسی و تورکی و ئینگلیزی و ... هتد.
- توانای پشت بەستن بەسەرچاوەکانی، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و هۆشیاری.
- بوونی بەڵگەنامەی مێژوویی بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی پێویست.

**ئامانجەکانی کتێبخانەی تایبەت**

هەر کتێبخانەیەك لە دنیادا ئامانجێکی تایبەتی خۆی هەیەو ئەم ئامانجانە لە کتێبخانەیەکەوە بۆ کتێبخانەیەکی تر دەگۆڕێت، ئامانجی کتێبخانەی تایبەت بە مەرامی خاوەنەکەی دەردەکەوێت و ئەو دەزانێت بۆ چ مەبەستێك ئەم کتێبخانەیەی پێك هێناوەو ئامانجی لە پێکهێنانی چییە.

لە ئێستادا دەتوانین بڵێین زۆرێك لەخاوەن کتیبخانە تایبەتەکان ئامانجیان ئەوەیە هەر سەرچاوەیەك نزیکە لە پسپۆڕی و خواستی خاوەنەکەیەوە بەدەستی بێنێت، تاوەکو لە ئێستاو ئایندەدا سوودی لێ وەربگرێت، دەبینین زۆر لە کتێبخانە تایبەتیەکان رەنگدانەوەی سروشتی خاوەنەکانیانی بەئاشکرا پێوە دیارە.

بۆ نموونە، ئەگەر خاوەنی کتێبخانەکە لە بواری مێژوودا پسپۆڕ بێت یان ئارەزووی سەرچاوەکانی بواری مێژوویی هەبێت، دەبینین بابەت و سەرچاوەو بەڵگەنامەو کتێب و نووسراوو دەستنووسە مێژووییەکان، بەشێکی زۆری لە رەفەکانی داگیرکردووە، بەواتایەکی تر هەرچی پەیوەندیی بەمێژووەوە هەبێت و لە توانایدا بوو بێت، هەوڵی بەدەستهێنانی داوە، تاوەکو خۆی و ئەو کەسانەی کە پێویستیان بەم سەرچاوانە هەیە بتوانن سودمەند بن لێی، بۆ بوارەکانی تریش بەهەمان شێوە.

بەڵام زۆر بەدەگمەن ڕێك دەکەوێت کە کتێبخانەیەکی تایبەت یان باشتر وایە بڵێین (کتێبخانەی کەسێتی)، تەنها یەك جۆر بابەت و سەرچاوە لەخۆ بگرێت، ئەمەش لەبەر ئەوە ئەستەمە چونکە سروشتی مرۆڤ هەمە رەنگ و فرەخولیاو سەرکێشەو حەزی بە زانینی زۆر شت هەیە، ئەگەر لەبازنەی پسپۆڕیی خۆیشیدا نەبێت و حەز بەخوێندنەوەی چەندین بابەتی رەنگاو رەنگ دەکات، هەر بۆیە کتێبخانەکانیش هەمەڕەنگن، رەنگە بتوانیت لە کتێبخانەیەکی تایبەتدا لەچەندین بابەتی فیکری و فەلسەفی و رۆشنبیریی جیاواز، چەند بابەت و سەرچاوەی دەست بکەوێت.

ئێستا لەکوردستاندا چەندان کەسی رۆشنبیرو ناودارو زاناو کەڵەپیاوی گەورەو نووسەرو شاعیر هەن، کە کتێبخانەی تایبەتیان هەبووەو هەیە کە زۆر دەوڵەمەندە بە سەرچاوەو بابەت و بەڵگەنامەی ئایینی و زانستی و فکری و ڕۆشنبیری و مێژوویی و ... هتد، لەوانە ئەم بەڕێزانە:

- بەڕێز خالید خاڵ کە میراتگری کتێبخانەی خوا لێخۆشبوو مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵە.
- بەڕێز پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا رەسوڵ، کە میراتگری کتێبخانەی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا مستەفای سەفوەتی باوکێتی و خاوەن کتێبخانەی تایبەتی خۆیەتی.
- بەڕێز محەمەدی مەلاکەریمی مودەریس، کە میراتگری کتێبخانەی خوا لێخۆشبوو مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی باوکێتی و خاوەن کتێبخانەی تایبەتی خۆیەتی.
- بەڕێز د. کەمال مەزهەر ئەحمەد.
- بەڕێز د.مارف خەزنەدار.
- بەڕێز مومتاز حەیدەری.
- بەڕێز لەتیف هەڵمەتی شاعیر.

زۆر کەسایەتی ناودارو بەڕێزی تر کە ئێمە نەمانتوانیوە ناویان بێنین لێرەدا.

چەند کەسانێکی تر هەن کە کتێبخانەی مەزن و دەوڵەمەندیان هەیە، زۆرێك لەم کتێبخانانە کە ئێستا کەسێك سەرپەرشتی یان میراتگری یان خاوەنداریێتی دەکات، کە هەندێکیان لە بنەماڵەکەیەوە لەباوو باپیرانیەوە بۆی ماوەتەوەو شوێندەستی خۆیشی پێوەدیارە، ئەم خاوەنە لێرەدا رۆڵی پاراستن و نەفەوتاندنی ئەم گەنجینە مەزنەی بینیوەو لەگەڵ دەوڵەمەندکردنی بەسەرچاوەی نوێ لەم جۆرە کتێبخانانە دەتوانین وەك نمونە ناوی ئەم بنەماڵە گەورانەی خوارەوە بێنین لەوانە:

کەسانێکی تریش هەن هەر بۆخۆیان حەزیان بە کتێبخانە و سەرچاوەی فیکریی هەبووە وە هەر لەگەنجێتییەوە دەوڵەمەندیان کردوە بە سەرچاوە.



# ڕەوشی کتێبخانە ئەکادیمیەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان

شلێر ساڵح فەرەج*

کتێبخانەی ئەکادیمی، ئەو کتێبخانەیەیە کە لەناو زانکۆو پەیمانگاو کۆلێجەکاندایەو بە پێشکەوتووترین جۆری کتێبخانە دادەنرێت. لەو کاتەوەی دەزگا ئەکادیمیەکان دەرکەوتن بەهەموو شێوەکانیەوە، کتێبخانەشیان پێوەلکێنرا لەپێناو پاڵپشتیکردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و لێکۆڵینەوەی زانستی.

کتێبخانەی زانکۆ ئەو کتێبخانەیەیە، یاخود ئەو کۆمەڵە کتێبخانانەیەیە کە: دامەزراندن و دارایی و بەڕێوەبردنی لەڕێی زانکۆکانەوە دەکرێت لەپێناوی پێشکەشکردنی زانیاری و خزمەتگوزاری جۆراوجۆری کتێبخانە بۆ کۆمەڵگەی ئەکادیمی کە پێکهاتووە لە خوێندکارو مامۆستاو کارمەندی کارگێر، هەروەها کۆمەڵگەی خۆماڵی. دەکرێ یەك کتێبخانەی ناوەندی لەناو زانکۆدا هەبێت، یا لەگەڵ کتێبخانە ناوەندییەکە ژمارەیەك کتێبخانەی لق و کۆلێجەکان هەبێت کە لەڕووی کارگێری و داراییەوە بەستراوە بە کتێبخانەی ناوەندییەوە، لە زانکۆ گەورەو پێشکەوتووەکاندا تۆڕ (رایەڵە)ی کتێبخانەکان هەیەو زۆر گەشەی سەندووە، کتێبخانەی (زانکۆی ئۆهایۆ) بەناوبانگترین و گەورەترین تۆڕی کتێبخانەکانی هەیە لە ویلایەتەکانی ئەمریکادا.

کتێبخانە ئەکادیمییەکان سێ ئەرکی سەرەکییان هەیە کە لە ئەرکەکانی زانکۆوە سەرچاوە دەگرن، ئەوانیش: فێرکردن، لێکۆڵینەوەی زانستی وراژەی کۆمەڵ. هەموو زانکۆیەك پرۆگرامی تایبەتی خۆی هەیە لەبواری ڕاهێنان و پێگەیاندن و بوژاندنەوەدا، هەروەك ئەو پرۆگرامەی لەبواری لێکۆڵینەوەی زانستی و خوێندنی باڵادا هەیەتی.جگە لەو ڕۆڵە کاریگەرەی لە خزمەتکردنی ژینگە دەوردراوەکەی بە لایەنی جیاوازەوە، بۆیە پێویستە لەسەر کتێبخانەی زانکۆ لەپێناوی بەدیهێنانی ئەو سێ پرۆگرامەدا هەوڵبدات لە میانەی پێشکەشکردنی سەرچاوەو خزمەتگوزارییە مەکتەبیەکانەوە، کۆمەڵگە سوودمەندەکانی کتێبخانە ئەکادیمییەکان جیاوازییان هەیە لەو کۆمەڵگەیەی کە جۆرەکانی دیکەی کتێبخانەکان هەیانە، لەو ڕووەوە کە ئەوان زیاتر لە ئاستێکی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری و زانستی باڵاتردان، بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی کتێبخانە ئەکادیمیەکان پێکهاتوون لە:

١.خوێندکاران بەهەموو ئاستێکی ئەکادیمی و تایبەتمەندیی جیاواز.

٢.ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە (تدریس)ی زانکۆ لە مامۆستاو وانەبێژ.

٣.ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن و کارمەندانی زانکۆ.

٤.لێکۆڵەران و خویندکارانی خوێندنی باڵا، چ لە ناو زانکۆو چ لە دەرەوەی زانکۆ.

٥.هەندێ لە تاکەکانی کۆمەڵگەی خۆماڵی.

کتێبخانەی زانکۆهەوڵ ئەدات بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگەی ئەکادیمی لەم ڕێگایانەوە:

١. هەڵبژاردن و دابینکردنی مەتریالی کەرەستەی جۆراو جۆری گونجاوی کتێبخانە.

٢. ئاسانکاری ڕێگای خوێندن و خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە بۆ خوێندکارو مامۆستاو لێکۆڵەران.

٣. ڕێکخستنی هەموو سەرچاوەی زانیارییەکان لەڕێی پۆلین و پێڕستەوەو ئامادەکردنی کەتەلۆك بۆ سەرجەم کۆلێکشنی(مقتنیات) کتێبخانە.

٤. پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە جۆراو جۆرەکان بەڕێگای گونجاو، لەو جۆرە خزمەتگوزارییانەش: خواستن بەهەموو شێوەکانی و(مەراجع)و ڕێنمایکردن و ڕاگەیاندن و بیبلیۆگرافیاو کۆپیکردن و شتی ترەوە.

٥. دەستەبەرکردنی باشترین و مەرجدارترین هۆکارەکانی خوێندن و لێکۆڵینەوە لەڕێی دابینکردنی هۆڵی گونجاوو لەبار .

٦. ڕاهێنانی کۆمەڵگەی زانکۆیی بەهەموو کەرتەکانیەوە بۆ باش بەکارهێنانی کتێبخانەو سەرچاوەکانی لەڕێی پرۆگرامی ڕاهینان و ڕێنمایکردنی ڕێکخراوەوە، هەروەها ڕاهێنانی مەکتەبیەکان لەدەرەوەی زانکۆ.

٧.هاوبەشیکردن لە گواستنەوەی کەلتوری فیکریی جیهانی بۆ کۆمەڵگەی ئەکادیمی لەڕێی زۆرکردنی کۆمەڵەیەکی باش لەسەرچاوەو مەراجعی بیانی.

٨.دەرکردنی گۆڤارو بڵاوکراوەو بیبلیۆگرافیا کە هاوبەشی دەکا لە بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوەی زانستی.

٩. ڕێکخستنی پێشانگای جۆراو جۆرو کۆڕو سیمنارو زنجیرەی وانە لە بواری کتێبخانەدا.

١٠. گەشەپێدانی پەیوەندی وهاوکاریکردن لەگەڵ زانکۆکانی ناوەوەو دەرەوەدا.

ئەمە چەند دێرێکی سەرپێی بوو بۆ ناساندنی کتیبخانەی ئەکادیمی، ئێستا دێینە سەر ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ئەم کتێبخانانە دەبێتەوە، دەکرێ بڵێم هەندێکی لە هەموو وڵاتانی جیهانی سێهەمدا بەدی دەکرێ و هەندێکیشی بەداخەوە لە کەموکوڕیی خۆمانەوەیە..

لەو کێشانەی ئێمەو وڵاتانی دیکەی جیهانی سێ تێیدا هاوبەشین، بریتیە لە :

١. نەخوێندەواریی زانیاری (الأمية المعلوماتية)

٢. نەخوێندەواریی کۆمپیوتەری(الأمية الحاسباتية)

ئاشکرایە ئەم کۆلێج وپەیمانگایانەی لە هەرێمی کوردستاندایە، هەریەکەیان کتێبخانەی تێدایەو سەرچاوەی زانیاری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرن، لەڕووی بەڕێوەبردنیشەوە، هەندێکیان لەلایەن کەسانی پسپۆری زانستی کتێبخانە بەڕێوە ناچێ، چونکە لەهەرێمی کوردستاندا هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرو دکتۆرا لەم بوارەدا نییە، تەنانەت ژمارەی کادرانی مەکتەبیی هەڵگرانی بەکالۆریۆس لەهەرسێ پارێزگای سلێمانی، هەولێرو دهۆك تەنها بیست کادرە، بەڵام ژمارەی هەڵگرانی دبلۆم ساڵ بە ساڵ روو لەزیاد بووندایە، بەهۆی کردنەوەی بەشی زانستی کتێبخانە لە هەردوو پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی و هەولێردا، ئەمساڵ لە دهۆکی دەلال هەمان بەش کرایەوە، هەرچەندە هێشتا وەك پێویست زۆرینەیان دانەمەزراون لە کتێبخانەکاندا، لەوەش گرنکتر ئەو کادرانەی لەم (سەدەی تەکنەلۆژیای زانیاری)یانەدا دێنە بەرهەم هیچیان ناتوانن لەئاستی پێویستدا لەکتێبخانەیەکی ئەلەکترۆنیدا کاربکەن،هۆکاری ئەمەش زۆرن لەوانە:

١. ئەو مامۆستا بەڕێزانەی وانەبێژن خودی خۆیان لەژینگەی کتێبخانەی ئەلەکترۆنیدا کار ناکەن و بەو زانیارییانە نامۆن.

٢. مامۆستاکان خۆیان دەرچووی ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی ڕابوردوون، کە سیستمی ئەو



کتێبخانەی ناوەندیی زانکۆی سلێمانی

سەردەمەی زانکۆکانی موستەنسەرییە، موسڵ، بەسرەو پەیمانگاکان دووربوون لە تەکنۆلۆژیای زانیاریەوە،تەنها بە تیۆریی چەند وانەیەك دەخوێنرا، بەبێ چوونە مەیدانی پراکتیزەوە.

٣. مامۆستاکان هیچیان ڕێگاکانی وانە وتنەوە(طرق تدریس) یان نەخویندوەو ساڵانەش خولی ڕاهێنان نابیننن بۆ ئەم مەبەستە، ئەمەش کاریگەریی زۆری لەسەر شێوازی ڕەوتی وانە وتنەوە دەبێت.

٤. مامۆستاکان جگە لەزمانی دایك، تەنها زمانی عەرەبی دەزانن، ئەمەش خۆی کێشەی زۆربەی مامۆستاکانی بەشەکانی دیکەشە کە ناتوانن بۆ دەوڵەمەندکردنی خۆیان سوود لە سەرچاوەی بیانی وەربگرن...

٥. زۆر لەو مامۆستایانە بە(محاضرة) وانەکان دەڵێنەوە، زۆر ماندوو دەبن، خۆشیان لە زانکۆو پەیمانگاکان ئەرکی دیکەیان لەئەستۆیە، بۆیە ناتوانن هاوسەنگی لەنێوان کارو فەرمانی سەرشانی خۆیان بکەن.

٦. هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە زانستی کتێبخانەدا نییە ،تەنها یەك ماستەر لە زانکۆی دهۆك و یەك لە سلێمانی هەیە لەو بوارەدا.

٧. زۆربەیان دوورن لە مامەڵەی ڕاستەقینەی ژینگەی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان لە کتێبخانەکانی خۆیاندا، یاخود هەر کاری پێ ناکەن.

٨.زۆربەی پەیڕەو و پرۆگرامەکان کە دەوترێنەوە دەگەڕێتەوە بۆساڵانی ڕابردوو کە لە پەیمانگای تەکنیکی موسڵ و بەغداد پەیڕەو دەکرێت.

چارەسەری ئەم کێشانەی پەیمانگاکان هەروا ئاسان نییە ،وەلێ دەکرێ هەنگاو بەهەنگاو بنەبڕبکرێ، بەم شێوەیە:

١. پێگەیاندنی شارەزایی ورد لە بواری کتێبخانەو تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان.

٢. هاندانی کادری مەکتەبی بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە دەرەوەی وڵات، باشتر وایە بەزمانی ئینگلیزی بخوێنێت.

٣. ڕاهێنانی کادری مەکتەبی لەسەر سیستەمی ئەلەکترۆنی کتێبخانە لەدەرەوەی وڵات.

٤. پۆستی بەڕێوەبردنی کتیبخانە لەلایەن کادری مەکتەبی بەتواناوە بێت، هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یا دکتۆرا بێت لە زانستی کتێبخانەدا.

٥. مەرج دانان بۆ وەرگرتنی خوێندکاری بەشی زانستی کتێبخانە: نمرەی زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بەرزبێت، پشتگیریی بەکارهێنانی کۆمپیوتەری هەبێت.

٦. هەلومەرجی گونجاو بڕەخسێنرێ بۆ مامۆستا بەرێزەکانی پەیمانگاکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنیان و مەشق پێکردنیان لەدەرەوەی هەرێم، یا لەدەرەوەی وڵات.

### کتێبخانە ئەکادیمییەکان چی لەخۆدەگرن؟

کتێبخانە جگە لە مەتریاڵی زانیاری و باڵەخانە بەکەلوپەلی گونجاوو بودجەی تایبەت، وەك هەموو دەزگایەکی دیکە ،سەرمایەی هزری(فکری) تێدایە کە ئەویش بریتییە لە: (سەرچاوەی مرۆیی، کە ئەمرۆ ناوزەند دەکرێ بە (هێزی زانستکار)= scientific forces،بە سامانێکی ڕاستەقینەی هەموو ڕێکخراوێك یاخود دەزگایەك دادەنرێت .

لەم ڕوانگەیەوە کتێبخانە ئەکادیمییەکان (هێزی زانستکار)ی تا ڕادەیەکی بەرچاو لاوازە، چونکە دەزگایەکی ئەکادیمی پێویستی بە کەسانێکە بتوانێ خۆی بگونجێنێ لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیارییەکاندا، ناکرێ بڵێین تەنها کادری مەکتەبی بەو بڕو جۆرەی ئەمڕۆ هەمانە لە کتێبخانەیەکی ئەلەکترۆنی کاری باش ئەنجام ئەدات، ئەوەتا چەند کێشەی سەرسوڕهێنەر لەناوکتێبخانەکاندا سەریهەڵداوە کە ناکرێ چاوپۆشی لێبکرێ، لەوانەش:

١. کەم ئاستی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری مامۆستاو خوێندکارو لێکۆڵەراندا.

٢. ئیفلیج بوونی پرۆسە هونەرییەکان.

٣. بەکارهێنانی ئەڵتەرناتیفی لاواز بۆ پرۆسە هونەرییەکان{تزوید، پێڕست، سەرچاوە(مراجع)، خواستن} .

٤. نەبوونی پێڕستێکی یەکگرتوو(الفهرس الموحد) بۆ سەرجەم کتێبخانە ئەکادیمییەکان.

٥. ئاشکرا نەکردنی بودجەی ساڵانە.

٦. کەم ئاستی کادری مەکتەبی و دابڕانی لە تەکنەلۆژیای زانیاری Information Technology.

٧. نەبوونی هیچ بیبلیۆمەتریکایەك بۆ پشتپێبەستن لە ناوەو دەرەوەی کتێبخانەی زانکۆ.

٨. بەکارهێنانی کەلوپەلی نەگونجاو، دوور لە پێوەری جیهانی.

٩. نەلکاندنی ناوەڕۆکی کتێبخانەکان بەتۆڕی ئینتەرنێتەوە .

١٠. سوود وەرنەگرتنی کتێبخانەکان لە خزمەتگوزارییەکانیOCLC، تەنها یەك کتێبخانەی کۆلێج لە سلیمانی بەشێوەیەکی کەم سوودمەندە لەم خزمەتە، کە زۆر گرنگە بۆ ئێستاو داهاتوومان.

١١. بەکارهێنانی بینای کتێبخانە بۆ مەبەستی وانە وتنەوەو شتی تر، جێ لێژکردنی خوێنەرانی زانکۆو پەیمانگاکان.

١٢. هەبوونی ژمارەیەکی زۆری هێڵی ئینتەرنیت لە کتێبخانەدا، بێ ئەوەی بەکاربێت بۆ مەبەستی زانیاری وەرگرتن و گەڕاندنەوە Information retrieval لەلایەن مەکتەبیەکانەوە.

١٣. نەبوونی پرۆگرام و چالاکی و بڵاوکراوە بۆ هاندانی خوێنەر، چ ساڵانە چ وەرزی بێت.

١٤. نەبوونی پردی پەیوەندیی لەنێوان کۆمەڵەی کتێبخانەکان(جمعية المكتبات) و کتێبخانە ئەکادیمییەکاندا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ شارەزایی پەیداکردن لەتەکنۆلۆژیای زانیاری .

١٥. بوونی ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەر لە کتێبخانەکاندا کە شارەزاییان زۆر کەمە لەبواری زانستی کتێبخانەدا، بۆیە ناتوانرێ خزمەتی سوودمەند بکرێ بە شێوەی گونجاو...

١٦. نەبوونی پەیوەندی لەنێوان جەماوەری ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە کتێبخانەکاندا.

بۆیە پێویستە بینای سەرچاوەی مرۆیی بکرێ لەکتیبخانە ئەکادیمیەکانی هەرێمی کوردستاندا، ئەوەش بە پلانی داڕێژراو و نەخشەکێشراو و سەرنجراکێش دەبێت. لە بارودۆخی گونجاوی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستاندا وەزارەتی خوێندنی باڵا دەتوانێت:

١. هەوڵی کۆکردنەوەو ڕاکێشانی سەرمایەی مرۆیی بدات بەدروستکردنی پردی پەیوەندیی لە نێوان کتێبخانە پێشکەوتووەکانی وڵاتانی دەرەوەدا، بە بانگێشتی شارەزایانی ئەم بوارە بەمەبەستی وتنەوەی چەند وانەیەکی پراکتیکی.

٢. هەرچی زووترە کادری مەکتەبی خۆمان پێبگەیەنرێت بە هاندانیان بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لەو بوارەدا.

٣. مەشق پێکردنی ئەو کادرانەی فرسەتی خوێندنی باڵایان لەدەست چووە لە دەرەی هەرێم.

٤. هاندان و ڕێزلێنانی کادری مەکتەبی و بەشداریکردنیان لە کۆڕو کۆنگرەی کتێبخانەکان و پێشانگای نێودەوڵەتیی کتێبدا .

### ئایا کتێبخانە ئەکادیمیەکان دەکرێ تا ساڵی ٢٠١١ ئەلەکترۆنی بێت؟

تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان لە کتێبخانەکاندا ئەوەندە بە فراوانی بڵاوبۆتەوە لەجیهاندا، کە ناکرێ ئێمەی کورد ئەوەندە بێ دەنگو واق ورماوو دەستەوستان دانیشین، چاوەڕێبین وەك گەزۆ لە ئاسمانەوە بباریێت، گەر بمانەوێ کتێبخانەکانمان بەخێراییەکی چاوەڕوان نەکراو وەرچەرخێ بۆ ئەلەکترۆنی، ئەوا دەبێت لەسەرەتاوە ئەم داخوازییە سەرەکییانەی بخەینە پێش چاو:

١– هێزی مرۆیی لێهاتوو
٢– هاردوێر
٣– سۆفتوێر
٤– داتاو زانیاری
٥– بنکەی زانیاریی جیهانی

بێگومان ئەمەش دارایی و ڕێبەری کارگێریی دەوێت، هەروەها گەیاندن و پەیوەندییەکان (communication&relations) لایەنێکی تری باسەکەن.

### جەماوەری کتێبخانە ئەکادیمیەکان کێن؟

جەماوەرەکەی بریتییە لە دوو جۆر:

١.جەماوەری ڕاستەوخۆ
٢.جەماورەی ناڕاستەوخۆ

جەماوەری ڕاستەوخۆ، هەموو ئەو دەستەی کارگێرییە دەگرێتەوە بە بەڕێوەبەرو فەرمانبەرو کادرانی شارەزای کتێبخانە،ئەمانە دەنگو ڕەنگو نوێنەری کتێبخانەن بۆ جەماوەری ناڕاستەوخۆ.

هەرچی جەماوەری ناڕاستەوخۆیە، ئەوکەسانەن کە سوودمەندن لەڕازەکانی کتێبخانەو ئەوان گەوهەری ئیشەکانی کتێبخانەن.

کتێبخانە ئەکادیمییەکان دەتوانن بە بەدیهێنانی ئامانجەکانی و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی هێزی زانستکارو، بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان هەردوو جەماوەرەکە پەیوەندییەکانیان قووڵتر ببێتەوەو خزمەتگوزاریی زۆرتر بگەیەنن و کۆمەڵگەی ئەکادیمی بەرەوپێشتر بروات..

**تێبینی**
ئەم ڕاپۆرتە زانکۆی کوردستان/ هەولێر ناگرێتەوە.

*سەرۆکی ئەمیندارانی پێشکەوتوو،
زانکۆی سلێمانی/کتێبخانەی ناوەندیی.

# کتێبخانەی گەڕۆک

ئا. گوڵستان سەعید محەمەد*




## مێژووی سەرهەڵدانی

سەرەتای پەیدابوونی کتێبخانەی گەڕۆک دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم لەوڵاتانی بەریتانیا، کە بریتی بوو لە گالیسکەیەك بەهۆی ئەسپێکەوە رائەکێشراو خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەی بۆ ناوچە دوورو گوندنشینەکان دەگواستەوە.

پاشان لەوڵاتانی ئەمریکا ئەم جۆرە کتێبخانەیەیان داهێنا. دواتر وردە وردە بڵاوبۆوە بۆ وڵاتانی تریش، بەڵام پێشکەوتووانەتر، بۆ نموونە لە فەڕەنسا لەساڵی(١٩١٤)بەهۆی ئامێری پێشکەوتووەوە کتێبیان دەگەیاندە ناوچە دوورە دەستو گوندەکان.

لەساڵی(١٩٥١) ئەم جۆرە کتێبخانەیە گەیشتە وڵاتانی جیهانی سێ، کاتێ کە رێکخراوی (یونسکۆ) هەندێ ئۆتۆمبیلی کتێبخانەی گەڕۆکی دابەشکرد بەسەر وڵاتانی نایجیریا، هندستان، سەنگافورە، مالیزیا، کۆلۆمبیاو عیراق.

لە عیراقدا تەنها لەپارێزگای بەغداو پاشان لە موسڵو کەرکوكو بەسرە پەیدابوو.

## کتێبخانەی گەڕۆك چییە؟

چەند پێناسەیەك کراوە بۆ کتێبخانەی گەڕۆك کە لەناوەرۆکدا وەك یەکن، لەوانە:-

* بریتییە لە ئۆتۆمبیلێك کە کۆمەڵێ کتێبو بابەتی رۆشنبیریی لەخۆگرتووەو لەکتێبخانەی ناوەندەوە ئەو کەرەستانە دەگەیەنێتە دەست گوندنشینی ناوچە دوورەکان، بەپێی بەرنامەو کاتی دیاریکراو.

* خزمەتگوزارییەکی گەڕۆکەو سەر بەدەزگایەکە یا سەر بەکتێبخانەیەکە، یاخود سەنتەرێکی زانیاریی وەك کتێبخانە گشتییەکان، لەبری لقە بچکۆلەکانی کتێبخانەو وێستگەکانی کتێب لەناو شارۆچکەو قەراخ شارەکاندا خزمەتگوزاریی پێشکەش بە گەورەو مناڵانی ناوچە گوندنشینو دوورە دەستەکان دەکات، بەناوبانگترین شێوازیان ئۆتۆمبیلی کتێبەکە، خزمەتگوزاریی کتێبخانە دەبات بۆ ئەو ناوچانەی کە بەهیچ جۆرێ کتێبخانەی تێدا نییە، لەکاتی دیاریکراوداو بەپێی خشتەو پلان.

* پێناسێکی تر: ئەو کۆمەڵە کتێبو بابەتە رۆشنبیرییانەیە کە لەسەر رەفەکانی ناو سندوق پۆلێنو رێکخراون بۆ مەبەستی خوێندنەوە، بەهۆی ئۆتۆمبێل یان شەمەندەفەر، یان هەر هۆکارێکی گواستنەوە دەگەیەنرێتە خوێنەران لەهەر کوێ بن، بەمەبەستی پێدانی زانیاریی خوێندراوو بیستراوو ئاگاداربوون لە بابەتەکانو رووداوەکانی رۆژ.

* هۆکارێکی گواستنەوە کە کۆمەڵێ کەرەستەی کتێبخانەی تیا رێکخراوە بەشێوازێکی هونەریی لەپێناو گەیاندنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە بۆ کۆمەڵگاکانی نیشتەجێ بوون لەناوچەی هۆرو نشێوو نزیك رووبارەکان، بەهۆی ئوتومبیل یان گالیسکە یاخود ولاخ یان بەلەم، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریو رۆشنبیریو رێنمایی تەندروستی.

## ئامانجەکانی کتێبخانەی گەڕۆك

کتێبخانەکانی گەڕۆك تێ دەکۆشن لەپێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە:-

١- پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە لەدابین کردنی بابەتی خوێندنەوەو خواستن لەناوچە دوورە دەستەکان، لەپێناوی بەشداری کردن لەپرۆسەی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریو رۆشنبیریی لەناو دانیشتوواندا.

٢- بەخشینو باڵاکردنی ئاستی هۆشیاریی ناوچە دوورەکان لەبارەی پێشکەوتنو رووداوەکانی دنیای دەرەوە.

٣- پڕکردنەوەی کاتەکانی پشوو بۆ هاووڵاتیان بەڕێگای دروست بە بەخشینی زانستو زانیاریی سوودبەخش.

٤- هاوبەشی لەچارەسەری کێشە کۆمەلایەتیو تەندروستییەکان دەکات بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچانەی کە سەردانیان دەکەن، بەهۆی کتێبی تایبەتمەند یاخود لەڕێی نمایشکردنی فیلم، یان بەهۆی هەر جۆرە چالاکییەکی ترەوە.

٥- هاوکاریی جوتیاران دەکات لەڕێی دابین کردنی سەرچاوەی زانستی بۆ ئەوەی بەپوختی کارو فەرمانی بنەڕەتی بەجێ بێنن لەداهێنانی هەندێ پیشەی لادێو کاری کشتوکاڵی بە بەکارهێنانی ئامێرەکانی کشتوکاڵ بەشێوەیەکی



زانستیو دروست بۆ برەودان بە بەرهەمەکانیان لەڕووی چەندایەتیو چۆنایەتییەوە، ئەمانە کاریگەرییان دەبێ لەسەر رەوتی گەشەکردنو پێشکەوتنی ژیانی گوندنشینەکان.

٦- بەشداریی دەکات لە پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواریو هاوکاریی دەزگاکانی فێرکاری دەکات بەدابەش کردنی چاپەمەنیو کەرەستەکانی بینینو بیستن کە تایبەتن بەجێبەجێ کردنی ئەو پرۆسەیە.

٧- هەڵدەستێ بەسازدانی کۆڕو کۆبوونەوەی فراوان لەپێناوی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستیو کۆمەلایەتی بۆ ژنانی گوندنشین لەبارەی بایەخدان بەپاكو خاوێنیو گرنگیدان بە پەروەردەی منداڵان بەهۆی نامیلکەو وتارو نمایشی سینەمایی.

٨- بڵاوکردنەوەو بەهێزکردنی هەستی نیشتمانپەروەریو رۆشنبیریی نەتەوایەتیو دابینکردنی زانیاریی بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خوێنەران.

## مەرجەکانی کتێبخانەی گەڕۆك

بۆ ئەوەی کتێبخانەیەکی چالاکی گەڕۆك بهێنرێتە ئارا، پێویستە:

١- کتێبو کەرەستەکانی بینینو بیستن دابینبکرێ بۆ تێرکردنی خواستی خوێنەران.

٢- کتێبخانەی گەڕۆك دەبێ زۆرترین چالاکی ئەنجام بدا لەچاو لقەکانی تری کتێبخانە گشتییەکاندا.

٣- پرۆسەی خواستنو گەڕانەوەی کتێب دەبێ زۆر ئاسانو گونجاو بێت لەڕێی وێستگەکانی کتێبەوە، یان لەڕێگای خوێندنگاکانەوە.

٤- بەپلانو بەرنامە سەردانەکان رێك بخرێ تاکو دانیشتووانی گوندەکان ئاگاداربن لەسەردانەوەی کتێبخانە گەڕۆکەکە بۆ لایان.

٥- زۆرترین خزمەتگوزاریی پێشکەش بکات بەجیاوازیی تایبەتمەندییەکانیانەوە، واتە زۆرترین دانیشتووان لەفراوانترین ناوچەی جوگرافی سوودمەند بێت لێی.

٦- لەخزمەتی کتێبخانە بچکۆلە ناوخۆییەکاندا بێت، وەك کتێبخانەی منداڵان، کتێبخانەی قوتابخانەکان، کتێبخانە گشتییە بچکۆلەکان، لەڕێگای پێدانی کتێبو کەرەستەکانی تر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

٧- خواستنو داواکاریی خەڵك لە بابەتو کتێبەکان بەهەند وەربگیرێو دەبێ هەڵبژاردنو دابین کردنی کتێبەکان لەسەر خواستو حەزی دانیشتووانی ناوچەکان بێت.

٨- کتێبخانەی گەڕۆك دەبێ هاندەربێت بۆ خرۆشاندنی ئارەزومەندان بۆ خوێندنەوەو ئاسانکارییان بۆ بکات، چونکە کتێبخانەی گەڕۆك فاکتەرێکی نموونەییە بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانە.

## پێداویستییە بنەڕەتییەکانی کتێبخانەی گەڕۆك

بۆ بەدیهێنانی پرۆژەی کتێبخانەیەکی گەڕۆك دەبێ ئەم پێداویستییە بنەڕەتییانە دابین بکرێ:

١- ئوتومبێل: دەبێ ئوتومبیلێکی باشی گونجاو بۆ کتێبخانەی گەڕۆك دابین بکرێ کە بەرگەی کەشوهەواو رێگەوبانو سروشتی ناوچەکان بگرێ دەبێ ئامێری کارەبا لە(مولدە)ی ڕوناکیی دەستکردو ڕادیۆو دەنگگۆی ئاگادار کردنەوەو ڕەفەی گونجاوی تێدابێ.

٢- کارمەندان: کتێبخانە پێویستی بەم کارمەندانە هەیە:

أ- ئەمینداری کتێبخانەی گەڕۆك: دەبێ دەرچووی بەشی کتێبخانە بێتو شارەزا بێت، کەسێکی رۆشنبیر بێت، ئارەزووی کارکردن بکات لەو جۆرە کتێبخانەیەدا، ئاگاداری رووداوەکانی دەوروبەر بێتو شارەزایی هەبێ لەو گوندو ناوچانەی سەردانیان دەکاتو توانای پەیوەندیی کردنی هەبێت لەگەڵ خەڵکدا.

## ئەرکەکانی ئەمینداری کتێبخانەی گەڕۆك

١- هەڵبژاردنی سەرچاوەکانی زانیاریی کە بگونجێ لەگەڵ خواستی ئەو ناوچانەی سەردانیان دەکەن.

٢- دانانو رێکخستنی کتێبەکان لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا.

٣- کێشانی نەخشەو پلانی سەردان کردن بۆ ناوچەکان پێش ئەوەی کتێبخانەکە دەست بەسەردانەکان بکات.

٤- ئامادەکردنی پڕوپاگەندەو راگەیاندنی جیاواز لەبارەی چالاکییەکانی کتێبخانەکەوە.

٥- رێنمایی خوێنەران بکا.

٦- رێکخستنی خواستو وەرگرتنەوەی سەرچاوەکان.

٧- توێژینەوەو راپرسی بکات بۆ زانینی خواستی خوێنەران بۆ ئامادەکردنی کتێبی گونجاو بۆیان.

٨- پێشکەش کردنی وتارو بابەتی رۆشنبیریو هۆشیاریی کە جێگای بایەخی دانیشتووانو هەمەڕەنگن.

٩- ئامادەکردنی راپۆرتی مانگانەو ساڵانە لەبارەی چالاکیو کارەکانی کتێبخانەکەوە.

ب-دەبێ یاریدەدەرێ هەبێت بۆ هاوکاریکردنو راپەڕاندنی ئەرکەکانی ئەمینداری کتێبخانەی گەڕۆكو ئەم کارانە ئەنجام بدا:

- هاوکاریی ئەمینداری کتێبخانە.
- کارتی خواستن تۆمارو ئامادەو رێك بخات.
- بەخواستنەکانی خوێنەراندا بچێتەوە.
- کتێبەکان لەسەر رەفەکان رێك بخاتەوە.
- ئامار ئامادە بکات.
- هەستێ بەهەر کارێکی نووسینو پێویست.
- بڵاوکراوەو پروپاگەندەو گەیاندن دابەش بکات.
- یارمەتی بارکردنو داگرتنی کتێبەکان بدات لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا.
- رادیۆو ریکۆردو سینەما بخاتە گەڕ.

ج- شوفێر:

٣- کتێبو سەرچاوەی زانستی.

٤- وێستگەکانی وەستانو چاوەڕوانی.

٥- پلانی سەردان.



سەرچاوەکان:

١- د. ربحي مصطفى عليان، مكتبات الاطفال، عمان، ٢٠٠٩.

2- ejabat. Google.com

* لێپرسراوی بەشی خوێندنەوەی منداڵان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی.

# کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجە
# رابردوویەکی پرشنگدار لەخزمەتی خەڵکی ناوچەکەدا

ئا: کامیل مەحمود

*هەڵەبجە شاری ئەدیب و شاعیرانی گەورەی کوردو ناوەندی رۆشنبیری و زانست بووەو مێژووی دوورو نزیکی ئەم شارە بارگاوییە بەو رەوشە فەرهەنگی و مەعریفییەی خۆیەوە، بۆیە نامۆ نییە لەپێش زۆرێک لەشارو شارۆچکەکانی عێراقەوە ببێتە خاوەنی کتێبخانەو خوێندەوارەکانی هۆگری کتێب و کایە رۆشنبیری و زانستییەکانی تر بن.*

کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجە لەساڵی ١٩٥٢دا دروست کراوەو سەرەتا لەگەڕەکی سەرای باکووری شارەکەوە بووەو یەکەم بەرپرسی ئەم کتێبخانەیەش کەسایەتییەکی هەڵەبجە بووە بەناوی ئەحمەد حەمەرەشیدە فەنی، کتێبخانەکە لەلایەن مامۆستاو فەقێ و قوتابیانی قوتابخانەکانەوە بەسەر کراوەتەوە، دوو ساڵ لەو شوێنەدا ماوەتەوەو دواتر گوازراوەتەوە بۆ بینایەکی گەورەتری تەنیشت قائیمقامیەتی هەڵەبجە، دوای ئەحمەد حەمە رەشید کاک فەرەج عەبدوڵڵا کرایە لێپرسراوی کتێبخانەکە، ساڵی ١٩٦٢ بینایەکی لەوانەی پێشوو گەورەتری لە گەڕەکی پیرموحەممەد بۆ دروست کراو گوازرایەوە بۆ ئەو جێگایەو تا دەهات ناوەرۆکی کتێبخانەی گشتی هەڵەبجە دەوڵەمەند دەبوو بە کتێب و بڵاوکراوە بەزمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و زمانی تر، هەرلەوکاتەوە خوێنەر لەرێگای سندوقی ئەدیکسەوەو بەپۆلێنی هاوچەرخ و جیهانی کتێب و سەرچاوەکانی دەدۆزییەوەو داوای دەکرد.

لەشۆڕشی رزگاریخوازی کوردستاندا هەڵەبجە ناوچەیەکی ئازادو ناوەندی کۆبوونەوەی پێشمەرگەبوو، کتێبخانەکەش لەو بارودۆخەدا زیانی لێ نەکەوت و خۆشبەختانە لەبۆردومانەکەی ٢٦ی نیسانی ١٩٧٤ی شاری هەڵەبجەدا بەرنەکەوت، تا ئەو کاتە ژمارەی کتێبەکانی کتێبخانەکە زیاتر لە١٤هەزار کتێب بوو کە بەیەکێك لەدەوڵەمەندترین کتێبخانەکانی عێراق دەهاتە ئەژمار لەڕووی چەندێتی و چۆنیەتی نایابی کتێبەکانیەوە. هەروەك لێپرسراوی کتێبخانەکە دەڵێت:


جەبار عەلی لێپرسراوی کتێبخانەی هەڵەبجە

بەهەوڵ و دڵسۆزی خوێنەران و رۆشنبیرانی شارەکەو دلسۆزانی تری رووناکبیری کورد کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجە بەردەوام لەگەشەی زیاتردابوو، تا لە کارەساتی کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٨ی هەڵەبجەدا کتێبخانەکەو بەرێوەبەرەکەی وەك شارەکەی شەهید کران و کتێبەکانیشی لەلایەن سوپای ئێرانەوە گوازرایەوە بۆ ئەودیو سنوور، تا ئێستاش چارەنووسی ئەو کەلەپوورە مێژووییەی هەڵەبجە کە بەڵگەی بڵندیی ئاستی رۆشنبیری خەڵکەکەیەتی نادیارە.

دوای راپەرین و ئازادکردنی کوردستان هەڵەبجەش وەك شوێنەکانی تر ئاوەدان بوویەوەو دەست کرایەوە بە بنیاتنانەوەی دام و دەزگا فەرمی و مەدەنییەکان و لەم نێوەندەشدا بیری کردنەوەی کتێبخانە بووە بەخەمی هەڵەبجەییەکان، کاک جەبار عەلی لێپرسراوی کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجە لەو بارەیەوە دەڵێت: پاش بەهاری ئازادی ساڵی ١٩٩١ خەڵکی هەڵەبجە گەرانەوە بۆ ناو شارە رووخاوەکەیان، وەك بینای زۆربەی دام و دەزگاو ماڵەکانی هەڵەبجە کتێبخانە گشتییەکەشی وێران کرابوو، جگە لەوەی سەروەتێکی دەوڵەمەندی کتێب و بڵاوکراوەی دانسقەو مێژوویی تیادا فەوتاو ئاودیوی ئێران کرا، ئەو کتێبخانەیەش هێشتا لەزاکیرەی هەڵەبجەییەکاندا مابوویەوەو دڵسۆزانی شارەکەو خوێندەوارەکانی لەچاوەڕوانیی رۆژێکدابوون کە هەڵەبجە جارێکی تر ببێتەوە بەخاوەنی کتێبخانە، خۆشبەختانە لەو هەلو مەرجە دژوارەدا بەرێز


کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجە

حاجی موحەممەدی بامۆکی هەستا بەو کارە خێرخوازییەو بینای کتێبخانەکەی دروست کردەوەو لەمانگی حوزەیرانی ٢٠٠٢کرایەوە.

لێپرسراوی کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجە دەربارەی هاوکاریی خەڵك و رۆشنبیران بۆ دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەکەو ئەو کتێب و بڵاوکراوەو سەرچاوانەی ئێستا لەکتێبخانەکەدا هەیە وتی: خەڵکی شارەکە ئامادەییەکی باشیان دەربری بۆ هاوکاری و بەخشینی کتێب، کەسایەتی و دام و دەزگا حزبی و حکومی و رێکخراوەکانیش دەستیان لە ئاوەدانکردنەوەی کتێبخانەکەدا هەبووە، بۆ نموونە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو عەمید شێخ تایەر نێرگزەجاڕی کتێبخانەکەی خۆیان پێشکەش بەکتێبخانەکە کردووە، بەدەیان کەسایەتی و لایەنی تر هەڵوێستی لەو شێوانەیان هەبووەو بەتاك و بەکۆ کتێبیان بەخشیوەو لێرەوە سوپاس و دەستخۆشییان لێ دەکەین، سەرچاوەیەکی تری کتێبخانەکەمان لەرووی کتێب و بڵاوکراوەی نوسراوەوە حزب و دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەوانیە کە زۆربەیان بەردەوام کتێب و بڵاوکراوەکانیان بەدیاری بۆ کتێبخانەکە ناردووە، هەروەها ئێمە بەو حوکمەی سەر بە بەرێوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتیی سلێمانین ئەوانیش مانگانە هاوکارمانن بۆ ناردنی بەشی تایبەتی خۆمان لەو کتێب و بڵاوکراوانەی پێیان دەگات.

بەڵام سەرباری ئەوەش لێپرسراوی کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجە نکوڵی لەوەش ناکات کە ئەم کتێبخانەیە چەندین کێشەو کەم و کورتی هەیەو چارەسەرکردنی زۆربەیان لەتوانای بەرێوەبەرایەتی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بەدەرە، ئەو دەڵێت: ئێمە هەندێ کێشەو کەم و کورتیمان هەیە کە بەئەوانیش چارەسەر ناکرێت، لەوانە بچووکی بیناکەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو بینایە لەبارودۆخێکدا دروست کرا شار بەم شێوەیە فراوان نەبووبوو، جگە لەوەش ئێستا کە هەڵەبجە قەرەباڵغ و ئاستی ژیانی خەڵك و ژێرخانی ئابووریمان باشتر بووەو توێژی رۆشنبیرو خوێندەوارو خوێندکاران باشتر روو لەم جۆرە ناوەندە رووناکبیرییانە دەکەن، کردنەوەی چەند کۆلیژو پەیمانگایەکیش لەشارەکەدا هۆکارێکی ترەو ئەمانە هەمووی وای کردووە ئەو بینا بچووکە ئیستیعابی رەوشی ئێستاو پێویستییەکانی خەڵکە خوێندەوارەکەی هەڵەبجە نەکات، یەکێکی تر لەکێشەکانمان نەبوونی هۆڵی پێویستە بۆ گەنجینەی کتێب و هۆڵی خوێندنەوەو هەروەها نەبوونی بەشی کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت و نەبوونی بودجەیەکی باش بۆ کڕینی ئەو گۆڤارو رۆژنامەو کتێبانەی بەردەوام خوێنەران داوای دەکەن، هەروەها نەبوونی پێداویستی تایبەتی بۆ هۆڵی منداڵان.

کتێبخانەی گشتیی هەڵەبجە ئێستا بووەتە سەرچاوەی مەعریفی خوێندکارانی بنەڕەتی و پەیمانگاو کۆلیژەکانی شارەکەو رۆژانە بەدەیانیان سەردانی بەشەکانی وەرگرتنی کتێب و خوێندنەوەی گۆڤارو رۆژنامە دەکەن، لێپرسراوی کتێبخانەکە باس لە قەرەباڵغی کتێبخانەکەیان دەکات و بەپێی ئەو ئامارەی لەبەردەستیدا بوو رۆژانە خوێنەرێکی زۆر بەشەکانی کتێبخانەی گشتی بەسەردەکاتەوە، نموونەیەکی تۆمارکراو کە خستییە روو مانگی شوباتی ئەمساڵ بوو کە تەنها لەو مانگەدا ١٧٢٠حاڵەتی سەردانی خوێنەران تۆمار کراوە، لەناویدا ١٢٠٦سەردان بۆ بەشی وەرگرتنی کتێب بووە.

لێپرسراوی کتێبخانەکە چەند داواکارییەکی هەبوو لە حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە بەپێی وتەی خۆی داواکاری خوێنەران و رۆشنبیرانی هەڵەبجەیەو وتی: داواکارین لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کتێبخانەیەکی هاوچەرخ و مۆدێرن و گەورەمان بۆ دروووست بکات بۆ ئەوەی هەموو پێویستییەکانی خوێنەرانی هەڵەبجەو ناوچەکە دەستەبەر بکات، هەروەها دەمێکە چاوەڕوانین حکومەت و لایەنی پەیوەندیداری هەرێم هەوڵی خۆیان بدەن بۆ هێنانەوەی کتێبەکانی کتێبخانەی هەڵەبجە کە لەساڵی ١٩٨٨دا سوپای کۆماری ئیسلامی راگوێزی ئێرانی کردووە، چونکە بەراستی ئەو کتێبانە ئەرشیفی مێژوویی و کەلەپووری دەوڵەمەندی ئەم شارە بووە، هەروەها دەستەبەرکردنی کۆمپیوتەرو کردنەوەی بەشی ئینتەرنێت لە کتێبخانەکەدا کە نەبوونیان بووەتە مایەی گلەیی خوێنەران و خوێندکارە ئازیزەکانی شارەکەمان.

خوێنەرانیش هەمان ئەو گرفتانەی ئاماژەیان پێ درا دووپات دەکەنەوەو داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن بینایەکی نوێ بۆ کتێبخانەی گشتیی لەهەڵەبجەدا دروست بکرێت کە لەئاستی مێژووی ئەدەبی و رۆشنبیریی شارەکەیاندا بێت، لەم رووەوە (سۆران حەسەن) خوێندکاری ئامادەیی بازرگانییەو یەکێکە لەو کەسانەی بەردەوام سەردانی کتێبخانەکە دەکات دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی ئەم کتێبخانەیە رۆڵی ئیجابی خۆی لەشارەکەماندا بینیوەو خزمەتێکی باشی خوێندکارانی کردووە، بەڵام بینای کتێبخانەکە لەئاستی شارێکی گەورەو قەرەباڵغی وەك هەڵەبجەدا نییەو بۆ ناحیەیەکی بچووك یان گوندێکی گەورە باشە، ناوبراو گلەیی ئەوەش دەکات کە زۆر درەنگ کتێب و بڵاو کراوە نوێیەکان دەگاتە کتێبخانەو ناونیشانی زۆر کتێبیش لەم کتێبخانەیەدا بەرچاو ناکەوێت.

نوخبەی رۆشنبیری هەڵەبجەش هەمان داوایان

> **دەمێکە چاوەڕوانین حکومەت و لایەنی پەیوەندیداری هەرێم هەوڵی خۆیان بدەن بۆ هێنانەوەی کتێبەکانی کتێبخانەی هەڵەبجە کە لەساڵی ١٩٨٨دا راگوێزی ئێران کراوە**

لەحکومەت هەیە کە بینایەکی گەورە بۆ کتێبخانەیەکی گشتی لەهەڵەبجەدا دروست بکات، (ئارام عومەر) یەکێکە لەرۆژنامەنووسەکانی هەڵەبجەو بۆچوونی وایە ئەم کتێبخانەیەی ئێستا بەم بیناو شێوازە کارەی ئێستایەوە وەك خۆی بمێنێتەوەو لەجێگایەکی تری شارەکەدا بینایەکی گەورە بۆ کتێبخانەیەکی نموونەیی درووست بکرێت، ئەو رۆژنامەنووسە هەڵەبجەییە دەڵێت: شارەکەمان لەرووی مێژووییەوە پاشخانێکی دەوڵەمەندی رۆشنبیری و ئەدەبیی هەیەو زۆربەی شاعیرو ئەدیبە گەورەکانی گەلەکەمان لێرە لەدایك بوون، یان بەشێك لەژیانیان لێرە بەسەر بردووە، لەکۆنیشەوە کتێبخانەی گشتی تێدا کراوەتەوەو پێش هەموو شارەکانی تری کوردستان کەوتووە، ئێستاش کە پانتایی جوگرافی هەڵەبجە فراوان بووەو دانیشتووانەکەی بەردەوام لەزیادبووندایەو چاوەڕوان دەکرێت بەم زووانە زانکۆی تیا بکرێتەوە، پێویستی بەکتێبخانەیەکی گەورەیەو ئەم کتێبخانەیەی ئێستاش وەك خۆی بمێنێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی پێویستی خوێنەرانی ئەم بەشەی گەڕەکەکانی دەروازەی هەڵەبجە.


هۆڵی گۆڤارو رۆژنامەکان

# ئایا بەئەلەکترۆنیکردنی کتێبخانەکان، دەبێتە هۆی ونکردنی کاریگەری و ئەرکەکانی ئەمینداری کتێبخانەکان..؟

ئا. شێرزاد سەعید محەمەد

لەم سەردەمی تەکنەلۆجیای زانیارییەدا زۆربەی کارەکانی کتێبخانە بەتایبەتیش کارە هونەرییەکانی وەك ( تۆمارکردنی سەرچاوە جۆربەجۆرەکانی کتێبخانەو پێرستو خواستنی ناوخۆو دەرەکیو خواستنی نێوان کتێبخانەکانو نۆرەگرتن بۆ خواستنی سەرچاوەکانو..هتد)، هەموو ئەم کارانە لەڕێگای بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەوە ئەنجام دەدرێت، ئا لێرەوە پرسیارێك لەلای خوێنەرانو هەروەها خوێندکارانی بەشەکانی زانستی زانیارییەکانو کتێبخانە دروست دەبێت، ئایا هیچ کارێك دەمێنێت کە ئەمیندارانی کتێبخانە ئەنجامی بدەن لە کتێبخانەکاندا؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەو چەندەها پرسیاری تر، پێویستە لەسەرەتادا بزانین کتێبخانەی ئەلەکترۆنی چییە؟

### کتێبخانەی ئەلکترۆنی

بریتییە لە بنەماکانی کتێبخانەیەکی ئاسایی کەلەوەوبەر لەلایەن کادیرانو کارمەندانی کتێبخانە(ئەمیندارانی کتێبخانە)، سەرجەم بنەما زانستییەکانی لەبواری کارگێڕیو هونەرییەکاندا بۆ داڕێژراوە، لەدواتردا بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی هەمیشەیی کتێبخانەکان (کە پێشکەش کردنی خزمەتگوزارییەکانی کتێبخانەیە بە خوێنەران، بەکەمترین ماوەو ئاسانترین شێوە) شێوازە ئاساییەکەی کتێبخانەیان گۆڕیوە بەئەلەکترۆنی، ئەویش لەڕێگای پێدانی ئەو زانیاریانەی کەپێشتر لەلایەن ئەمیندارانی کتێبخانەوە ئامادە کرابوو بە کۆمپیوتەر.

کتێبخانەی ئەلەکترۆنی هەرهەمان کتێبخانەی ئاساییە لە رووی بابەتی سەرچاوە زانستیەکانەوە، بەڵام لێرەدا سەرچاوەکان بەشێوەی ئەلەکترۆنی دەبێت، لە زۆر کتێبخانەشدا شێوازە ئەلەکترۆنییەکەو شێوازە ئاسایی سەرچاوەکان پێکەوە کۆدەبێتەوە، لەلای خوێنەرانەوە بەکاردەهێنرێت.

هەروەها هەموو ئەو کارە هونەرییانەی کە لە کتێبخانەیەکی ئاسایدا پەیڕەو دەکرێت، بەهەمان شێوەش لە کتێبخانەی ئەلەکترۆنیدا پەیڕەو دەکرێت، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە لە کتێبخانەی ئەلەکترۆنیدا کارەکان زۆرخێراتر ئەنجام دەدرێت، لەڕووی بەکاربەروو سوودمەندەکانەوە کتێبخانەکان بوون بە دووبەشەوە، کەبەشێکیان لەنەوەی پێشوونو زیاتر کتێبخانە بەشێوە ئاساییو کۆنەکە بەکاردەهێننو بەسەرکەوتوو دەزانن، ئەمەش بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ هۆی نەشارەزایی ئەو نەوەیە لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەرو سایتە ئەلەکترۆنییەکاندا، هەروەها ئارەزوویان بۆ خوێندنەوەی سەرچاوەکان بەشێوەی کاغەز، بەشەکەی تریان لەنەوە نوێیەکەنو ئارەزوویان لەبەکارهێنانی کتێبخانەیە بەشێوازە نوێیەکەیە.

ئالێرەوە کاریگەریی ئەمیندارانی کتێبخانە دەردەکەوێت لە چۆنییەتی کۆکردنەوە لەنێوان هەردوو شێوازەکەی کتێبخانەو نەتۆراندنی خوێنەرانی لە هەردوو نەوەکە.

لەو پێناسەو ڕوونکردنەوەی سەرەوەدا کاریگەریی ئەمیندارانی کتێبخانەکان بەدی دەکرێت، لەلایەك بۆ بەستنەوەی کتێبخانە ئاساییەکە بە کتێبخانەی ئەلەکترۆنی لەلایەکیش بۆ چۆنیەتی کۆکردنەوەی هەردوو نەوەکە لە خوێنەرانی کتێبخانە لەناو یەك کتێبخانەدا، ئەمەش بە دوو ڕێگا دەبێت :

*یەکەم/* پەیوەندی بەستن لە نێوان ئەمیندارانی کتێبخانەو کارمەندانی تایبەت لەبواری کۆمپیوتەرو زانیارییەکاندا ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریی بەمەبەستی زیاتر سوود وەرگرتن لە بواری یەکترداو دواتریش سەرکەوتن لە کارەکانی کتێبخانەدا.

*دووەم/* ئەمیندارانی کتێبخانەی ڕاهێنراو لەسەر تەکنەلۆجیای نوێی بواری زانستی زانیارییەکانو کتێبخانە بەتایبەتی کۆمپیوتەر کە ئەم ڕێگایە بەسەرکەوتووتر دادەنرێن بۆ خزمەتی کتێبخانەو بنکە زانیارییەکان.

دروستکردنی کتێبخانەیەکی ئەلەکترۆنی پێویستی بەجێبەجێ کردنی هەندێك ئەرك هەیە لەسەرەتادا وەك شارەزایی لە تەکنەلۆجیای زانیارییەکانو ئەزموون، لەوانە:

١- دروست کردنی تۆڕێکی پێکەوە گەیاندنی ناوخۆو بەستنەوەی بە تۆڕە جالجالۆکەییەکانی جیهان (ئینتەرنێت).

٢- دروستکردنی بنکەیەکی زانیاری (داتەبەیس) کەبەشێوازێك ئامادەکرابێت، کەبتوانرێت سەرجەم زانیارییەکانی لەسەر شێوازە جۆربەجۆرەکانی سەرچاوەکانی کتێبخانە تێدا تۆمار کرابێت.

٣- پێدانی زانیاریی بە خوێنەران لەسەر چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو شێوازە ئەلەکترۆنییەو چۆنییەتی دۆزینەوە زانیارییەکان بەشێوازێکی خێراو گونجاو.

٤- سەرپەرشتی کردنی ئەو بەرنامەیە لەلایەن ئەمیندارێکی کتێبخانەی خاوەن بڕوانامە لە هەردوو بواری کتێبخانەو تەکنەلۆجیای زانیارییەکان، چونکە ئەم پرۆگرامە لە ئاستێکدا ناوەستێتو بە بەردەوامی لەگەشەکردندایەو زۆرجاریش کێشە تووشی ئەم پرۆگرامانە دەبێت کە پێویستی بەچارەسەرکردنو بڕیاردان هەیە.

بۆ دروستکردنی کتێبخانەیەکی ئەلەکترۆنی سەرەتا پێویستمان بە (داتە بەیسێك) دەبێت، ئەم داتەبەیسەش لەلایەن ئەمیندارێکی کتێبخانەی سەرکەوتووەوە دادەنرێت کەسەرجەم جۆرو شێوازەکانی سەرچاوەکانی کتێبخانە بگرێتە خۆ لەوانە:

أ- بنکەیەکی زانیاری بیبلیۆگرافی.

ب- ڕێبەر.

ت- سەرچاوەکانی کە بەشێوەی کتێب دەرچوون.

د- گۆڤار.

ه- وێنە.

و- سەرچاوە ئەلەکترۆنییەکان.

### سوودەکانی کتێبخانەی ئەلەکترۆنی چییە ؟

١- سوودمەند، دەتوانێت سوود لە سەرچاوەکانی کتێبخانە وەربگرێت لەشوێنی کارەکەی خۆی یاخوود لە ماڵەکەی.

٢- دەتوانرێت لەیەك کاتدا چەندەها خوێنەر سوود لەهەمان سەرچاوە وەربگرن.

٣- ئاسانی لەبەکارهێنانداو بەفیڕۆنەدانی کات.

٤- خوێنەر پێویستی بەیارمەتی ڕاستەوخۆی ئەمینداری کتێبخانە نابێت.

٥- بابەتەکان بەشێوەیەکی هەرەمی ڕیزبەند کراون کە خوێنەران زۆر بە ئاسانی دەتوانن لەبابەتێکەوە بچن بۆ بابەتێکی تر.

٦- ئاسانی لەبەدەستهێنانەوەی زانیارییەکان بەشێوەی ئەلەکترۆنی یاخوود کاغەز.

٧- سوود وەرگرتن لەچەندەها کتێبخانەی جیهان لەیەك کاتدا.

لەم سەردەمی بەئەلەکترۆنی کردنەدا، کتێبخانەکان تەنها کاریان کۆکردنەوەی سەرچاوە نییە، بەڵکو کاری سەرەکییان چۆنییەتی گەیاندنی ئەم زانیارییانەیە بەزۆرترین سوودمەندەکانی، بەکەمترین ماوەو ئاسانترین شێوە، هەروەها پێوەری کتێبخانەکان بەندە بەڕێژەی بەشداری کردنی ئەو کتێبخانانە لە گەیاندنی زۆرترینو نوێترین زانیاری بەزۆرترین خوێنەر لەڕووی ژمارەو ناوەڕۆکەوە.

بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیارییەکان لە کتێبخانەو بنکە زانیارییەکاندا کاریگەریی زۆری کردۆتە سەرکاروباری ناو کتێبخانەکانو لەشێوازەکەی پێشووەوە گۆڕیوە بۆ شێوازێکی نوێ ئەویش لەڕووی:

١- کەمی بەکارهێنانی سەرچاوە چاپکراوەکان.

٢- نزمبوونەوەی ڕێژەی خواستنی دەرەکی.

٣- گرنگی دان بەکۆمپیوتەرو بەرنامەکانیو ڕێکخستنی کارەکان لە ڕێگای کۆمپیوتەرەوە.

٤- کەمبوونەوە لەڕێژەی بەشداری کردن لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا.

٥- زۆربوون لەڕێژەی داواکردنی مۆڵەت بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب بەشێوەی ئەلەکترۆنی.

٦- سووربوون لەسەر دامەزراندنی کادیری کتێبخانەی پێشکەوتوو لە کتێبخانەو بنکە زانیارییەکانداو کردنەوەی خولی پێشکەوتوو بۆ ئەو کارمەندانەی کەشارەزایی کەمیان هەیە لەبواری کتێبخانەو زانیارییەکاندا، هەروەها تەکنەلۆجیای نوێی زانیارییەکان.

٧- کەمکردنەوەی لەکارە ئیدارییەکان بەشێوازە کۆنەکەی.

لەو خاڵانەی سەرەوەدا بەڕوونو ئاشکرایی کاریگەریی ئەمینداری کتێبخانەمان بۆ دەردەکەوێت، لەسەردەمی تەکنەلۆجیای زانیارییەکاندا دەبینین کە کارەکانی ئەمیندارانی کتێبخانەکانە شێوازە لاساییەکەی بەجێهێشتووە، رووی لە شێوازێکی نوێ کردووەو دەبێت لەم سەردەمەدا ئەمیندارانی کتێبخانە جگە لەزانستی کتێبخانە شارەزاییەکی تەواویان هەبێت لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیارییەکاندا، واتە نەك کارەکانی ئەمیندارانی کتێبخانەو کاریگەرییەکانیان وون نابێت لەسەر کتێبخانە، بەڵکو ئەرکەکانیان زۆرلەسەدەکانی پێشووتر زیاتر بووە، دەبێت ئەمیندارانی کتێبخانە شارەزایی تەواویان هەبێت لە زانستی زانیارییەکانو کتێبخانەو تەکنەلۆجیای زانیارییەکانو هەروەها زانستی بەڕێوەبردن، کەواتە دەپرسین، ئایا لەسەردەمی تەکنەلۆجیای زانیارییەکاندا کتێبخانەکان پێویستیان بەئەمیندارانی کتێبخانە هەیە؟

کەواتە سەرکەوتنی کتێبخانە ئەلەکترۆنییەکانیش بەندە بەڕادەی شارەزاییو زیرەکیو لێهاتووی ئەمیندارانی کتێبخانەکان لەدابین کردنو گەیاندنی ئەو زانیارییانە بە خوێنەران.

کەواتە ئەو بیرۆکەیە هەڵەیە کە کتێبخانەکانی داهاتوو بەبێ بوونی ئەمیندارانی کتێبخانە بەڕێوە بچێت، چونکە کۆمپیوتەر بەبێ بوونی ئەمینداری کتێبخانەی سەرکەتوو پرۆگرامی سەرکەوتوو بەڕێوە ناچێت، کەواتە ئەمیندارانی کتێبخانەی سەرکەوتوو خاوەن بڕوانامەو شارەزا لە تەکنەلۆجیای زانیارییەکاندا سەربازی ونن لەپشت جێبەجێکردنی کارو ئەرکەکانی کتێبخانەی سەرکەوتوو، چونکە هەرئەو ئەمیندارانەن کەپێرستکارو پۆلێنکارو دروستکەری ڕێبەرو پێدەری زانیارییەکانن بە کۆمپوتەر بەبێ بوونی ئەمیندارانی کتێبخانە، کتێبخانەی ئەلەکترۆنیش بوونی نابێت !!!

سەرچاوەکان/

* منى محمد علي الشيخ . المكتبة الإلكترونية: المفهوم والتحدي، المجلة العربية للمعلومات، مج١ع١/٢٠٠٠.

* النادي العربي للمعلومات، نظم المعلومات الحديثة في المكتبات والأرشيف، دمشق، تموز ٢٠٠٠ ، ص٥٩ -٦٠.

# ئەرکە نوێیەکانی ئەمینداری کتێبخانەی خوێندنگاکان لەسەردەمی تەکنەلۆجیای زانیارییەکاندا

و. ڤیان ئەنوەر

سەرکەوتنو سەرنەکەوتنی کتێبخانەکانیش تاڕادەیەك پەیوەستە بە ئاستی لێهاتوویی ئەمیندارەکان، ئەم کاریگەرییەش دوای ئەوە دێت کە ئێستا کتێبخانەکان تەنها شوێن نیین بۆ هەڵگرتنو ڕێکخستنی سەرچاوەکان، بەڵکو جۆرەها تەکنەلۆجیای نوێ لەم بوارەدا بەکاردێ کەلەلایەك پێویستە فەرمانبەرانی کتێبخانەی پێ ئاشنا بکرێ لە بەکارهێنانو کارپێ کردنیو خزمەتکردنی خوێنەرانو لەلایەکی تریشەوە پێدانی زانیارییەکان بە خوێندکاران لەو هۆکارە نوێیانەو چۆنیەتی بەدەست هێنانەوەی زانیارییەکان بەئاسانی.

ئەمەش وایکردوە کە ئەمینی کتێبخانە لە ئەمینی گەنجینەیەکەوە بگۆڕدرێت بۆ ڕێبەرو پێشەوای پێدانی زانیاریی نوێ کە هاوکار بێت بۆ پێشخستنی پڕۆگرامەکانی خوێندن.

هەموو ئەو پێشکەوتنە خێراییانەش لە شێوازیی پێدانی زانستو زانیارییەکان وا دەکات کە گۆڕانکاری بێت بەسەر ئەمیندارانی کتێبخانەکان لە شێوازێکی کۆنو لاسایی کردنەوە بۆ شێوازێکی نوێو داهێنان.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کتێبخانەی خوێندنگاکان بە هۆی ئەم هەموو زانستو تەکنەلۆجیاییانەوە دەتوانێت چوار چێوەی خوێندنگا ببڕێتو لە ڕێگای کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتەوە، خوێندکار لە هەر کوێیەك بن لە جیهاندا زانستی نوێ بە دەست بهێنن.

لەڕێگایەکی تریشەوە، کەڕێگای هاوکاریکردنەوە لە نێوان خوێندکارو مامۆستایان لەلایەكو ئەمیندارانی کتێبخانە لەلایەکی ترەوە، ئەمینداران دەتوانن هاوکاری زیاتری پرۆسەکانی خوێندن بکەن بە دابینکردنی سەرچاوەی نوێو گونجاو لەڕێگەی بەشداری کردن لە تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە، بۆیە پێویستە ئەمینداران لەم سەردەمەدا کارە سادەکان جێ بهێڵن بۆ هاوکارەکانیانو گرنگی زیاتر بدەن بە بەدەست هێنانی سەرچاوە زانیارییەکان لەڕێگای تەکنەلۆجیای نوێیەوە.

لێرەدا کاریگەریی ئەمیندارانی کتێبخانەکانی خوێندنگاکان دەردەکەوێت کە تا چ رادەیەك دەتوانێت زانیارییەکان بەخێراییو تازەیی بگەیەنێتە خوێندکارو مامۆستایان.

بۆیە گرنگە ئەمینداران شارەزاییان لە چەندین زمانو بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێدا هەبێت.

لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەتوانین ئەرکو فەرمانەکانی ئەمیندارانی کتێبخانەی خوێندنگاکان دیاری بکەین.

١-هاوکاریکردنی خوێندکاران لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشە پەروەردەییەکان لەڕێگای ڕێنمایی کردنو پێدانی زانیارییەکان، هەروەها وەك ئەمیندارێکی کتێبخانە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ.

٢-بەهاوکاری مامۆستایان وا لە خوێندکار بکرێت، پشت بەخۆی ببەستێ لە شیکردنەوەو کورتکردنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو بابەتەی دەیخوێنێتەوە.

٣-هەڵبژاردنی بابەتو سەرچاوەی پێویست کە لەگەڵ ئاستو داخوازییەکانی خوێندکاردا بگونجێت.

٤- بەهاوکاریی مامۆستایان، ئەمینداران ئامادەبن لە وتنەوەی زانستی کتێبخانە بەخوێندکاران تا زیاتر ئاشنایی وەرگرن بەم زانستەو چۆنیەتی بەکارهێنانی.

٥-بە بەردەوامی ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی پڕۆگرامی خوێندن بن، شارەزایی تەواویان هەبێت لە شێوازەکانی وانە وتنەوەدا.

٦- دابینکردنی سەرچاوەی پێش وەخت لەسەر ئەو ئەرکانەی مامۆستا دەیدات بە خوێندکاران.

٧- ئامادەکردنی کۆڕو سیمناری ڕۆشنبیری بۆ پێدانی زانیاریی زیاتر بە خوێندکارو مامۆستایانو دروستکردنی پێشبڕکێی خوێندنەوە لای خوێندکاران.

٨-گرنگیدان بەڕوکاری کتێبخانە بەشێوەیەك کە هەمیشە جێگای سەرنج بێتو ڕێنمایی خوێندکاران بکات لە چۆنیەتی پاراستنی کەلوپەلی ناو کتێبخانە.

٩-ئەنجامدانی سەرژمێری لە بواری چالاکیەکانی کتێبخانەو ئاستی خواستنیو خوێندنەوەدا.

١٠-ئاگاداری سەرجەم ئەو گۆڕانکاریانە بێت کە لەبواری کتێبخانەو زانیارییەکاندا ڕوودەدات.

١١- هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ سەرچاوەکانی کتێبخانەو دوورخستنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە ناخوێندرێنەوەو دانانی سەرچاوەی نوێ لە شوێنیاندا.

١٢-هاندانی خوێندکاران بۆ زیاتر خوێندنەوە لەڕێگای سوپاسکردنیانو بڵاوکردنەوەی کورتەی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجامی دەدەن.

١٣-کردنەوەی پێشانگای ساڵانە بە کتێبو ئەو چالاکیانەی خوێندکاران ئەنجامیان داوەو ڕێکخستنی سەردان بۆ کتێبخانەی خوێندنگاکانی تر.

١٤- ئامادەکردنی پێشنیاریی ساڵانە بۆ کڕینی سەرچاوەی نوێ لە کتێبو گۆڤار، لەڕێگای بەڕێوەبەرایەتیو وەزارەتی پەروەردەوە.

١٥-ئامادەکردنی چەند وانەیەك لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کتێبخانە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە یەکەم ساڵی خوێندنیانە لەو خوێندنگایەدا.

# کلکی سەگەکە لە وێرگول دەچوو

حەمە سەعید حەسەن

کە دەنووسیت، پێویستە هەر ڕستەیەکت توانای ئەوەی هەبێت، وەك دەنکەشقارتەیەك، مۆمی تێکستەکەت دابگیرسێنێت. کە دەنووسیت، دەبێت بە تەواوی بەسەر زمانی دایکتدا، زاڵ بیت، ئاخر ئینسان زادەی زمانی دایکیەتی. ئێمە بەهۆی زمانەوە، دەتوانین بیر بکەینەوە، چونکە، فیکر لە دەرەوەی زمان، هەبوونی نییە. ئەو دەقەی ڕەخنە ئاوڕی لێ نەداتەوە، لە مردن نزیك دەبێتەوە، مەبەستم ڕەخنەی ڕاستەقینەیە، نەك هی ساختە. ڕەخنەی ساختە، زادەی شتگەلێکە کە هیچ پێوەندییان بە دەقەکەوە نییە. ڕەخنەی ڕاستەقینە، کارێك دەکات، خوێنەر بە تامەزرۆییەوە، دەقی جوان بخوێنێتەوە. دەقی جوان، زادەی زمانی جوانە، ئاخر داهێنان لە زماندا خەست دەبێتەوە. *(گەورەترین کارەسات کە دەقێك لەژیانیدا تووشی دەبێت، ئەوەیە لەبەر تیشکی بڕیارێکی پێشوەختدا بیخوێنینەوە)*

بۆ ئەوەی شتێکی نوێ بڵێین، پێویستە لە سفرەوە دەستپێ بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە سفرەوە دەستپێ بکەین، دەبێت خۆمان لەبازنەی کەلەپوور قوتار بکەین. *(کە ئەوەی گوتووتە، مەبەستت نەبووە بیڵێیت، کە ئەوەی مەبەستتە بیڵێیت، توانای ئەوەت نییە، بیڵێیت، ئیدی دەست لەنووسین هەڵبگریت، چاکترە)* دەبێت بە شێوازێکی ئاسان، دەربارەی ئەو شتانە بنووسین کە خوێنەر چاوەڕییان ناکات‌و کارێك بکەین، هەمیشە خوێنەر بەرەو ڕووی کوتوپڕی ببێتەوە‌و بەڕوونی باسی شتی قووڵ‌و بەساکاری باسی شتی ئاڵۆزو بەشێوەیەکی ئاسایی باسی شتی سەیر بکەین.

نووسەر هەر ئازاد نییە، بەرپرسیشە، بەرپرسە لەوەی بەگژ ناشیرینییەکاندا بچێتەوە، هەوڵی چەسپاندنی جوانی بدات، تروسکەی هیوا نیشانی نائومێدان بدات‌و (زەردەخەنە بخاتە سەر لێوی شکستخواردووان، تا سەرکەوتووان چێژ لە سەرکەوتنەکەیان نەبینن) من بۆیە دەخوێنمەوە، چونکە بێ خوێندنەوە هەڵناکەم، من تامەزرۆی زمانی جوان‌و وێنەی شیعریم. باشلار گوتەنی: هێندە وەختم بەدەستەوە نەماوە، بە خوێندنەوەی کتێبی لاوازەوە بە فیڕۆی بدەم.

(بارۆنی سەر دارەکان) ڕۆمانێکی نووسەری ئیتالیایی (ئیتالۆ کالڤینۆ ١٩٢٣ – ١٩٨٥)یە، عەتا نەهایی لەفارسییەوە کردوویە بە کوردی. (کۆزیمۆ)ی قارەمانی ڕۆمانەکە، بەدوازدە ساڵی لە ڕێساکانی خێزانە خانەدانەکەی یاخی دەبێت‌و تا کۆتایی ژیانی، تا تەمەنی دەگاتە شەست‌و پێنج ساڵ، هەر لەسەر درەختەکان ژیان بەسەر دەبات‌و هەرگیز پێی ناکەوێتەوە سەر زەمین، ئاخر لە سەرەمەرگدا بە هۆی باڵۆنێکەوە دەفڕێت‌و دواتر (دەکەوێتە نێو کەنداوێکەوە) ل٢٩٦ ڕۆماننووسین، بریتییە لەهونەری گێڕانەوە، ئیتالۆ کالڤینۆ، هێندە بەسەر هونەرەکەیدا زاڵە، بە درێژایی نزیکەی چوارسەد لاپەڕە، باسی



ئیتالۆ کالڤینۆ



عەتای نەهایی

پەنجاو سێ ساڵ لە تەمەنی کارەکتەرەکەی کە بەسەر درەختەکانەوە، ژیان دەگوزەرێنیت، دەکات، بێ ئەوەی گێڕانەوەکەی تاقە یەك ڕستە فرەوێژیی پێوە دیاربێت. گێڕەرەوەی هەمووشتزان برای قارەمانی ڕۆمانەکەیە کە لە کۆزیمۆ گچکەترە، وەلێ تەنیا لە تاقە بەشێکی ڕۆمانەکەدا (بەشی ٢٧) کۆزیمۆ خۆی دەبێتە گێڕەرەوە.

ئەم تەکنیکە کە ئیتالۆ کالڤینۆ پەنجا ساڵێك بەر لە ئێستا بە سەرکەوتوویی بە کاریهێناوە، تازەکی لە ڕۆمانی کوردیدا سەری هەڵداوە.

گرنگ ئەوە نییە ڕۆمانێکی درێژ بنووسین، گرنگ ئەوەیە چرای پەرۆشیی خوێنەر بۆ تەواوکردنی ڕۆمانەکە هەتا دوا دێڕەکانی هەر داگیرساو بێت. بارۆنی سەر دارەکان، کە جوانتر وابوو، بە کوردی ناوی (بارۆنە دارەوانەکە) بێت، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی خوێنەر بەتاسەوە، دوای ڕووداوەکانی دەکەوێت. لەم ڕۆمانەدا کە فانتازیا ڕۆڵێکی کاربڕ وازی دەکات، چونکە قارەمانەکەی خوێنەرێکی چالاکە، ئەدەبو فەلسەفە بایەخێکی زۆریان پێ دراوەو چونکە نووسەرەکەی داهێنەرە، قارەمانێکی هێندە تایبەتی خولقاندووە، ئەستەمە هەرگیز لە بیری خوێنەر بچێتەوە.

نازانم ڕۆمانی (ڕۆبنسۆن کروزۆ)ی (دانیاڵ دیفۆ ١٦٦٠ – ١٧٣١)تان خوێندووەتەوە یان نا؟ بارۆنی سەردارەکانی ئیتالۆ کالڤینۆیش ڕۆمانیکە لەو بابەتە. دانیاڵ دیفۆ باسی بیست‌و هەشت ساڵ لە ژیانی ڕۆبنسۆن کروزۆ دەکات کە لە دوورگەیەکی دوورەدەستدا بە سەری بردووەو کالڤینۆیش پەنجاو سێ ساڵ لە تەمەنی کۆزیمۆ بەسەر دەکاتەوە کە بەسەر دارەکانەوە ژیاوە. گەرچی دەشێت کالڤینۆ سوودی لە دیفۆ وەرگرتبێت، وەلێ سوود وەرگرتنەکەی تەواو وەك سوود وەرگرتنی هەنگە لە گوڵ کە لە شیلە، هەنگوین چێدەکات. گەرچی بارۆنی سەر دارەکان، ئەو ناوبانگەی ڕۆبنسن کروزۆی نییە، وەلێ یەکێکە لەو ڕۆمانانەی کە بە هەق شیاوی خوێندنەوەن.

کالڤینۆ کە بە چوارسەد لاپەڕەیەك باس لە ژیانی کۆزیمۆ لە ناو سروشتدا دەکات، هێندە شارەزایانە باس لە درەخت، گژوگیاو گیانەوەر دەکات، تەنانەت (کارڵ ڤۆن لینێ ١٧٠٧ –١٧٧٨)یش کە بەناوبانگترین زانای ئەو بوارانەیەو خۆی ناوی لە درەخت، گوڵ، گیاو گیانەوەرەکان ناوە، ئەگەر زیندوو ببێتەوە، هەڵەیەك لە ڕۆمانەکەدا نابینێتەوە.

(ئاخرییەکەی دایکمان بڕیاری دا، مل بە واقیعەکە بدات‌و کۆزیمۆ بەو شێوەیە وەربگرێت کە هەیە) ل٦٠ دەشێت یەکێك لە پەیامەکانی ڕۆمان ئەوەبێت، پێ لەسەر جیاوازییەکان دابگرێت‌و باسی فرە دەنگی‌و فرە ڕەنگی بکات، کۆزیمۆ بەسەر دەرەختەکانەوە سەرقاڵی خوێندنەوەیەو ئاگاداری بیرو بۆچوونەکانی فۆلتێرو ڕۆسۆیە. کۆزیمۆ (بۆ ئەوە نەچووبووە سەر دارەکان، تا لەو سەرەوە بەسەر خەڵکیدا بمیزێت) ل٨٦ (بۆ ئەوە لەزەمین دوور کەوتبووەوە، تا چاکتری ببینێت.) ل١٩٩ یەکێك لە خەوشەکانی ڕۆمانی کوردی ئەوەیە، ڕۆمانێکی درێژ دەخوێنیتەوەو تووشی ڕستەیەك نابیت، کەمەندکێشت بکات‌و ناچارت بکات، هێڵێك بەژێریدا بهێنیت‌و لای خۆت بینووسیتەوەو پێت وابێت هەقە ئەو ڕستەیە بە ئاوی زێر تۆمار بکرێت، ڕستەیەکی وەکو: *(ئەگەر شتێك لە خەڵك زیاتر بزانم، دەبێت کە پێویستیان پێی بوو، پێیان ببەخشم، بە بۆچوونی من، فەرماندەیی ئەوەیە)* ل١٥٠ مەرج نییە ڕۆمان بە زمانێکی شیعری بنووسرێت، وەلێ لە ڕۆماندا، ڕستەی شیعری سەرنج ڕادەکێشێت‌و لە یادەوەریی خوێنەردا دەمێنیتەوە. *(سەگەکە هەڵدەهات و هەڵدەهات، تا ئەوەی کە تەنیا فاریزەیەك لەناو مێرگەکەدا دەبینرا کە کلکی بوو، پاشان ئەویش ونبوو)* ل٢٠٥ لە ڕۆمانی کوردیدا، بەدەگمەن خوێنەر تووشی ڕستەیەکی شیعری دێت.

ڕۆمانەکە بە زمانێکی جوان کراوە بە کوردی کە هەقە ئەوی کوردییەکی وەك ئەوەی عەتا نەهایی نازانێت، خۆی لە قەرەی وەرگێڕان نەدات. جێی داخە لە (دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم)دا، نووسەرێك نییە، شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردیدا هەبێت‌و بەو کتێبانەدا بچێتەوە کە دەزگاکە بڵاویان دەکاتەوە، ئەگەر نا، بڵاوکراوەکانی لە هەڵە، بە تایبەتی هەڵەی ڕێنووس و ڕێزمان، تژی نەدەبوون. ئەوە جێی سەرسووڕمانە، دەزگایەکی وەك سەردەم، نە ڕێنووسێکی هاوبەشی هەبێت‌و نەبایەخ بە زمان بدات، کەچی پێی وابێت، ئەو (زمان)ەی ڕەچاوی دەکات، شیاوی ئەوەیە، ببێتە زمانی ستانداردی کوردی! وەرگێڕ نووسیویەتی:

(هیچ موشکیلەو گرفتێکی نەبوو، دەستچنەکانی بە *نەخشەو خەریتەی* جوغرافیا دەڕازاندەوە، *گۆشەو زاویەی* جۆراوجۆر)(*) وەرگێڕ بە هەر مەبەستێك ئەو وشە هاوواتایانەی بە دوو زمان دووپات کردبێتەوە، هەر زیانی بە دەقەکە گەیاندووە.

(*) ئیتالۆ کالڤینۆ، بارۆنی سەر دارەکان، وەرگێڕانی: عەتا نەهایی، ٢٠٠٧، دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

# ڕۆمانی ئینتەرنێتی، ئەدەب پەلکێشی کوێ دەکات؟

ئا. دلێر میرزا

هەر کەسێ دەتوانێت بێ پێنووس تەنانەت بێ کۆمپیوتەریش، لە سەر ڕووداوێك بنووسێت، چەندین ڕۆمانی ئینتەرنێتی دەرکەوتوون، قارەمانەکانیان کەسانی ناوداری وەکو ئوسامە بن لادن یان کەسانی مردوون، لە ناو گۆڕەکانیانەوە دەئاخفن‌و هەندێکیان بە شێوەیەکی پڕ لە شەرمەزارییەوە، دەچنە ژێر ئەو کارە نارەوایانەی ئەنجامیانداوە. ئەم ڕۆمانانە چ ڕاستین یان هەڵبەستراو، ئێستا لە ئەمریکادا خوێنەرو ڕەخنەگری خۆیان هەیەو ماوەی چوار ساڵە خەڵات بە باشترینیان دەبەخشن، ئاخۆ ئەدەب لە ئەمریکادا بەرەو کوێ بڕوات.

ماوەیەکە، کۆمپانیای ئابڵی تایبەت بە کۆمپیوتەر، دەزگایەکی تایبەتی دروستکردووە بۆ ڕکابەریکردنی دەزگای کەندڵ کە بەر لە سێ ساڵ کۆمپانیای ئەمازۆنی تایبەت بە فرۆشتنی کتێب لە سەر ئینتەرنێت دروستیکرد، ئەم دەزگا نوێیە، تەنێ ڕۆمان بۆ خوێنەرانی خۆی ناخاتەڕوو، بەڵکە ڕێگە بە خوێنەرانیشی دەدات، ڕۆمانەکانی خۆیان بنووسن.

ڕۆمانی ئینتەرنێتی یان خەیاڵییە یاخود ڕاستییە، لەوەیش گرنگتر ئەوەیە کورتە، پۆپیولار کەلچەر ڕایدەگەیەنێت: ئینتەرنێت پێوەندییەکانی دووبەرامبەرو کورت‌و خێرا کردووەو گفتوگۆکان‌و هەواڵەکان‌و قسە لەسەرکردنەکان‌و کتێب‌و ڕاپۆرتەکان‌و ڕۆمانەکان کورت بوونەتەوە، هەروەها دەڵێت:" ئەگەر لۆرنس ستێرن (لە ساڵی ١٧٦٩دا کۆچی دوایی کردووە) بەم دیاردەیە بزانێت، ئەوا لە گۆڕەکەیدا خەفەت دەیکوژێت!" چونکە ئەم ڕۆماننووسە بەریتانییە کە لە نۆ بەشدا ڕۆمانی "شاندی" نووسیو درێژترین ڕۆمانە لە مێژوودا، جگە لە چەندین کتێبی دیکەی ڕۆمانی درێژ کە هاوچەرخەکانی نووسییان، وەکو چارلز دیکنز کە درێژترین ڕۆمانی بریتییە لە "داستانی دوو شار" و کۆنان دویل، نووسەری زنجیرەی "شێرلۆك هۆڵمز".

جۆن ئیلیگۆی سەرنووسەری گۆڤاری "ئەمریکان سپیچ"ی تایبەت بە هونەری نووسین، دەڵێت: بەر لە ئینتەرنێت، لەبەر چەندین هۆ، قەوارەی ڕۆمانەکان تادەهات بچووکتر دەبوو، لەوانە یەکەم: بەر لە ڕادیۆو تەلەفزیۆن، نووسین سەرەکیترین ئامرازی پەیوەندی بوو. دووەم: ژیان سادەترو کاتی خوێندنەوە زۆرتر بوو لە ئێستا. سێیەم: خەڵکی زیاتر تەرکیزیان دەکرد، کە ئەمەیان پەیوەندی بە دوو خاڵەوە هەبوو:

دیاردەی یەکەم، مرۆڤی سەردەم بە هۆی دژواریی ژیانەوە تەرکیزی کەمتر بۆتەوە، ڕۆمانێك دەخوێنێتەوە خێرا دەچێتە سەر ڕۆمانێکی دی، تەماشای کەناڵێکی تەلەفزیۆن دەکات‌و خێرا دەگوێزێتەوە بۆ کەناڵێکی دی، گوێ لە وتارێك دەگرێت، هێندە نابات ئەوەزی بۆ شوێنێکی دوور هەڵدێت. هەرجارێ ئیلیگۆ واتەنی:"خێرایی‌و کورتکردنەوە بووە بە تەوژمێکی ڕۆشنبیریی خۆبەخۆ بەرپا".

دیاردەی دووەم بریتی نییە لەوەی زیرەکیی مرۆڤی سەردەم دابەزیبێت، بەڵکە ژیانی نوێ کە خواردن‌و خواردنەوەو خۆشگوزەرانی ئاسان کردووە، بە هەمان شێوە، بیرکردنەوەیشی ئاسان کردووە.

بۆ نموونە، گەلێ لە خوێندنگە ناوەندییەکانی ئەمریکا ڕێگەیان بە خوێندکارانیان داوە، لە بری ئەوەی سەردانی کتێبخانەکان بکەن‌و کتێب بخوێننەوە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی مامۆستاکانیان ئینتەرنێت بەکار بهێنن، هەروەها گەلێ لە زانکۆکانی ئەمریکا ئاستی نمرەکانی خۆیانیان دابەزاندووەو نووسەران‌و ڕۆشنبیران، ئەم زانکۆیانە بە زانکۆی میکی ماوس ناودەبەن، ئەمە بەو مانایە نییە ئەمریکییەکان ڕۆشنبیرییان دابەزیبێت، بە پێچەوانەوە جۆرەکانی ڕۆشنبیریی نوێ زۆرترو دژوارتر بوونە، هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە بیسەلمێنێت، لایەنێك لە لایەنەکانی ڕۆشنبیریی کۆن‌و کلاسیك نەمابێت، بەڵام بەڵگەی زۆر هەنە لە سەر ئەوەی شێوازگەلی نوێ پەیدابوونە.

دیگۆ دۆڤالی بەرپرسی ماڵپەری ئینتەرنێت، سەبارەت بە ڕۆمانی کورت دەڵێت:"ئێمە خوازیاری ڕۆمانی کورت‌و سوودبەخش‌و چێژدارین، لە پێنج خولەکدا بێ ئەڵقەی بەرودوو بخوێنرێتەوە".

دۆڤال دەربارەی ئەم ڕۆمانانە دەڵێت:"ئەمە بەشێکە لە سیستمی سەرمایەداری؟ کێ دەیەوێت با ڕۆمانی درێژ و ئاڵۆز بخوێنێتەوەو کێ نایەوێت دەتوانێت ڕۆمانی کورت و سادە بخوێنێتەوە". ئەمە سەفقەیەکی سەرمایەدارییانەیە: ئێمە دەنووسین‌و تۆ دەخوێنیتەوە".

ئەگەر "ئیترناڵ سێپتەمبەر" نەبوایە، ڕۆمانی ئینتەرنێتی دەرنەدەکەوت، واتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٣دا ڕووی دا، کاتێ پێوەندیی کۆمپیوتەری بۆ گشت خەڵکی ڕەخسا، چونکە بەر لەوە ئینتەرنێت نەبوو و "یوسنت" هەبوو، تەنێ مامۆستاکانی زانکۆو بەتایبەتی مامۆستاکانی بواری ئەندازیاری‌و زانستەکان بەکاریان دەهێنا، لە هەمان ساڵدا خزمەتگوزاریی "ئەمریکا ئۆن لاین" دەرکەوت کە بەر لەوەی دەست بکات بە گواستنەوەی ڕاپۆرت‌و هەواڵ‌و کتێب‌و ڕۆمان، خەریکی گواستنەوەی نامەکان بوو.

دەکرێ ڕۆمانەکانی ئینتەرنێتی خەیاڵی یان ڕاستی بن‌و دەکرێ خودی نووسەرەکەیش خەیاڵی یان ڕاستی بێت، لە ئینتەرنێتدا ڕۆمان هەیە لە وێنەی ڕاستیداو ڕاستی هەیە لە وێنەی ڕۆماندا، ڕۆمانی کورتی ئینتەرنێتی هەندێکیان ڕاستین وەکو "دوا پیاوە باشەکان"و هەندێکیان خەیاڵین وەکو "ڕۆژانی سەگەکان" هەندێکیان خەیاڵین‌و کالای ڕاستی بەبەردا دەکەن، وەکو "ڕۆژە نهێنییەکانی ستیف جوب".

ڕەنگە ستیف جوب دامەزرێنەرو سەرۆکی کۆمپانیای ئابڵەیە بۆ کۆمپیوتەر، دوای بیڵ گیتسی سەرۆکی کۆمپانیای مایکرۆسۆفت، ناودارترین داهێنەری کۆمپیوتەر بێت.

جگە لە ڕۆمان‌و شتی ڕۆژانە، نامەی سەر ئینتەرنێت هەیە، لە شێوەی ڕۆمان لە نێوان دوو کەسدا ئاڵوگۆڕ دەکرێت، یەکێکیان زیندوو و ئەوی دی مردوو، واتە لە نێوان کوڕێکی زیندوو و باوکەکەیدا کە سێ ساڵ پێشتر کۆچی دوایی کردووە. کوڕە دەنوسێت:"باوکی خۆشەویستم: بەڕاستی لە قوتابخانەکەم بێزارم، تەنانەت لە تیمە وەرزشییەکەیشی بێزارم. ڕاهێنەرەکە منی وەکو یاریکەری تۆپی باسکە هەڵبژارد. نازانم شانازی بەوەوە بکەم یان تۆ دەڵێی چی؟ ئەم تیمە لێبۆتەوە، جلکی شۆڕ و ئاڵاواڵای یاریکەرەکانم پێ جوانە. ئێستا دەزانم بۆچی ڕەشپێستەکان ئەم جۆرە جلکە ئاڵاواڵایانە دەپۆشن".

لە بەر ئەوەی ڕۆمانی ئینتەرنێتی پشت بە کورتی دەبەستێت، ڕۆمان هەیە بە ئەڵقە دادەبەزێت. یەکێکیان ڕووداوەکانی لە سەدەی چواردەیەمدا ڕوودەدات‌و ئەوی دی باس لە ژیانی کۆیلەیەکی ڕەشپێست دەکات، بەر لەوەی ئەبراهام لینکۆڵنی سەرۆکی ئەمریکا کۆیلە ئازاد بکات، یەکێکیان باسی ئەمڕۆ دەکات‌و بەردەوامە، حەفتەی ئەڵقەیەکی دەردەکەوێت وەکو "یۆسار پۆل": سەبارەت بە ڕووداوەکانی یەکێك لە نووسینگەکانی کۆمپانیای کۆمپیوتەر لە ویلایەتی فلۆریدادا. بەڕێوەبەرێك دەینووسێت‌و ڕاستی‌و خەیاڵ تێکەڵ دەکات. لێرەدا وا بەخەیاڵیدا دێت مردبێت، دواتر دەگەڕێتەوە بۆ نووسینگەکە:"دەمەو بەیانی چوومە ناو نووسینگەکەوە، بەر لە مردنەکەم چۆنم جێهێشت هەروا بینیمەوە. بۆڵت، سکرتێرەکەم پرسیاری لێکردم: تۆ مردوویت، وا نییە؟ گوتم: بەڵێ، بەڵام تۆ چۆنت زانی؟ گوتی: لە شێوازی سڵاوکردنی بەیانیانت، کچە سکرتێرەکەم بۆ مردنەکەم کراسێکی ڕەشی پۆشیبوو. ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی دڵسۆزی منە، ئەگەرچی تا مابووم درکی ئەوەم نەکردبوو".

ڕۆمانی ئینتەرنێتی لە لایەن کەسانی نەناسراوەوەو لە زاری کەسانی ناودارەوە دەنووسرێن. وەکو "کاری ڕۆژانەی پاپای ڤاتیکان": من وەکو سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمپانیای جەنەراڵ مۆتۆرزم، بەڵام سکرتێرەکانی ڤاتیکان جوان نین‌و هەموو جەستەیان دادەپۆشن‌و تەنێ ڕوومەتیان دەبینم. سەر بە هەموو نووسینگەکانی ڤاتیکاندا دەکەم، گوێم لێیە کەسانێ گوێ لە مۆزیك دەگرن و دەبینم کەسانێ سەیری کۆمپیوتەر دەکەن. ئەو کارمەندانە لە خودا ناترسن‌و من ناتوانم بیانترسێنم‌و نامەوێ دەریان بکەم، پێیان دەڵێم: خودا لە ڕۆژی قیامەتدا سزاتان دەدات".

یاخود ئوسامە بن لادنی دامەزرێنەرو سەرۆکی ڕێکخراوی قاعیدا، دەڵێت: ئەمڕۆ جەژنی ڕۆژی لەدایکبوونمە، پەنجاو دوو مۆم دادەگیرسێنم. پێویستم بە کارتی پیرۆزبایی‌و بەگوڵ نییەو لە فەیس بووکدا لاپەڕەی نهێنیم نییە، تا پەیوەندی بە کەسوکارو برادەرانمەوە بکەم‌و تا لێم بپرسن: ئوسامە، جەژنی ڕۆژی لەدایکبوونتە، چ دیارییەکت دەوێت؟ ئەوجا پێمدەگوتن، سەعاتێکی ڕۆلێکسم دەوێت، بەڵام لەڕاستیدا من تەنێ ئەوەم دەوێت ڕێزم لێبگرن.

ماوەتەوە بڵێین، ماوەی چوار ساڵە، خەڵاتی بلۆکەر بەباشترین ڕۆمانی ئینتەرنێتی دەدرێت.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط).

# لەبارەی شۆڕشی زانیاریو کتێبخانەی گریمانەییەوە

و. کامیل محەمەد قەرەداخی

**پوختەیەکی باسەکە:**

ئەو داهێنانە تەکنەلۆژییانەی، کە لە چاخی زانیاریدا هاتنەئاراوە، کاریگەریی ئەرێیی زۆرباشیان لەسەر تەواوی داهێنانەکانی ناو مێژووی مرۆڤایەتی هەبووە. جاران هەل و بواری کەمتر لەئێستا لەبەردەستدابوون، لەبەرئەوە بە ئاکامگەیاندنی هەر داهێنانێکی نوێیش هەوڵی زۆر و بێوێنەی دەویست، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر یەکێکی داهێنانەکان چەکێکی دوو ڕووی هەبووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی کۆمەڵگە، ڕوویەکی چاکەو بەسوود، ڕوویەکی زیانو ئازارپێگەیاندن. ئەو کاردانەوانەی لە داهێنانەکانی چاخی زانیارییەوە کەوتنەوە، ئەمانیش دیسان هەر دووڕوو بوون، ڕوویەکیان خۆشنوودی و ئاسودەیی بوو بۆ خودی دەوڵەتە داهێنەرەکانی تەکنەلۆژیای زانیاریو ڕووەکەی تریشیان بریتی بووە لە هێنانی نەهامەتیو خراپەی زیاتر بەسەر گەلانی هەژاردا، ئاکامی ئەم پەرتبوونی بەرژەوەندییانەش ئەوەبووە، کە جیهان لەڕووی فکریو ئابورییەوە دابەش بووە.

لەگەڵ دەرکەوتنی سیمای ئینتەرنێتدا گۆڕانی ڕاستەقینە هاتنە ئاراوە، لەگەڵ هاتنە ئارای ئینتەرنێت ڕەوتو کاروانی ژیان هێندە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە، کە خراپو باشی وەکو یەك تێکەڵ بوون. بۆنموونە دەرکەوتنی بازرگانیی ئەلیکترۆنی ڕۆڵی کەسی ئۆیندە و دەڵاڵی نەهێشتۆتەوە میانەکاریی کاری کڕینو فرۆشتن بکات. هەروەها ڕۆڵی کتێبخانەکانیشی پوختو کەم کردۆتەوەو ئێستا کتێبخانە تەقلیدییەکان ئەو بەهایانەیان نەماوەتەوە، کە جاران سەرچاوەی پرشنگدانەوە بوون.

تۆنی هۆبەر، مامۆستای وانەبێژە لە زانکۆی (کیپ تاون) لە باشوری ئەفریقا، ئەم وتارەی ئێستەی بەردەستت پوختەی کۆڕێکی ئەوە، بەکوردی لێرەدا پێشکەش دەکرێ.

## پێشەکی

ئەم بابەتە روانینێکی سەرپێییت پێشکەش دەکات لەبارەی ئەو گۆڕانکارییانەوە کە لەناو کۆمەڵگە مرۆییەکاندا لەئەنجامی ئەو بەرەوپێشچوونانەوە ڕوویانداوە، کە سێبەری خۆیانیان خستۆتەسەر تەواوی کۆمەڵگەی مرۆیی. گومانێك لەوەدا نییە کە شوێنەواری راستەوخۆی ئەم ئاڵوگۆڕە گەورانە دەکەوێتە سەر ئەو کۆمەڵگە دامەزراوەییانەی، کە پایەی سەرەکیی راوەستانیان بریتییە لە (سیستمی ئابوریی نوێی جیهان) و لەئەنجامی چالاکییە ئابورییەکانەوە کۆمەڵ و باری گەورەی دۆسیەو فایلی نووسینو مامەڵە لەسەر ڕەفەو لە پەنا دیواری کتێبخانەکانیاندا کەڵەکە بووە.

پێویستییەکانی سەردەم وایان کردووە نموونەیەکی نوێی کتێبخانەی خزمەتگوزاریی بهێنرێتە ئاراوە، کە لەگەڵ ئەم چاخی زانیارییەدا گونجاو و سازبێت.

### ١. داهێنانە تەکنیکییەکانو کاریگەرییەکانیان:

(لاری داونز و شونکا مۆی) دوو نووسەرن کتێبێکیان بەناوی (The Killer App)[1] وەوە نوسیوەو لەپێشەکیی ئەو کتێبە هاوبەشەیاندا باس لە ئەو گۆڕانکارییە ڕەگاژۆیانە دەکەن، کە لە ئەنجامی داهێنانی چاپخانە بزۆکەکانەوە بەسەر باری ئاسایی ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتووە. ئەم دوو توێژەرە دەڵێن کە کۆمەڵە گۆڕانێك بەسەر باری واقعی کۆمەڵایەتیو تەرازوی هێزەکانو خێرایی ڕووداوەکانو زووگەیشتنی داهاتەکانی بواری وەبەرهەمهێناندا هاتوون. لەدرێژەی باسەکەیانداو بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان ئاماژەیان بە هەندێ داهێنانی گرنگ داوە، کە لەماوەی مێژوویی درێژدا کاریگەریی گرنگیان هەبووە بۆسەر مرۆڤ و لەناو ئەوانەشدا باسی داهێنانی تیروکەوانی (وێڵزی)[2] دەکەن، کە بەهۆیەوەو بەبەکارهێنانی ئەم تیروکەوانە ئینگلیزەکان توانیویانە لە شەڕە بەناوبانگەکەی (ئازنکۆرت) دا سەرکەوتن بەدەست بهێننو کۆتایی بەسالانی فەرمانڕەوایيو دەسەڵاتی دەرەبەگی لە ئەوروپادا بهێنن.

ئەم دوو توێژەرە بەوردیو بە درێژی باس لە شوێنەوارە گرنگەکانی داهێنانە گەورەکان دەکەنو دەڵێن: داهێنانەکان بوونەتە یەکێك لە خەسڵەتەکانی ڕەوتی رۆژگار، بەڵام کەمێکی ئەو داهێنانە دەتوانن بازی گەورەی چۆنایەتی لە گۆڕەپانی گۆڕانکارییەکاندا هەڵبنێن. بۆنموونە تیروکەوانو ڕەوڕەوەو ئامێرە جۆراوجۆرەکانی چاپکردن، بزوێنەری هەڵمی، تەونی لۆکەچنین، پەیژەی سەرخەری کارەبایی باسکی پۆڵا(ئەوەی لەبواری چەکی ئەتۆمیدا بەکاردەهێنرێت) هەموو ئەمانە شوێنەواری گەورەی خۆیانیان بەسەر بوارە جیاجیاکانی ژیانەوە بەجێهێشتووە. بگرە ئەم شوێنەوارانە وایانکرد بەکارهێنانی ئەو کەرەستە داهێنراوانە بگەنە ئاستێك زۆر فراوانتربێت لە ئەو مەبەستەی کە لە پێناویاندا داهێنانەکان کراون. ئەوەبوو بەکارهێنانی هەندێکیان گەیشتە ئەوەی ئاستێکی وێرانکاریی وای لێوە بەرپابو کە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیی تووشی پەشۆکان کرد. ئیتر داهێنانەکان تەنها لە ئاستی ئەو ئامانجانەدا نەمانەوە، کە بۆیان داهێنرابوون، بەڵکو لە ڕۆیشتنو لە سەپاندنی واقعێکی نوێی جیاوازدا هەر بەردەوام بوون. بۆنموونە بەرەوپێشچوونی چاپخانەکان لەو سنوورەدا نەمانەوە کە بۆی داهێنرابوون، بەڵکو هەندێکیان بوونە دەروازەیەکی کرانەوە بەڕووی ئاوەڵابوونێکی فرە فراوانی فکریو ئابوریی کە هەندێکی توێژەران پێیان وایە ئەم کرانەوەیەش دیسان دوو ڕووی چاکەو خراپەی هەیە، هەر وەکو خواوەندی (شیڤا)[3] ی لای هیندییەکان، لایەکیان داهێنان و بەرهەمهێنانەو لاکەی تری وێرانکارو ئازاربەخشە. ئەم دوو توێژەرە پێیانوایە، کە ئەگەر تەنها لایەنی ئابوریی داهێنانەکان لەبەرچاو بگیرێت ، ئەوا بۆ مرۆڤ دەبنە دڕندەی شالاوبەر.

بابگەڕێینەوە بۆلای داهێنانی چاپخانە بزۆکەکە(ئەوەی کە پێویستی بەڕیزکردنی پیتەکان هەبوو) و یۆهان گۆتەنبێرگ[4] دایهێنا. ئەم داهێنانەی ئەو، بازاڕێکی ئابووریی لەرزاند (بازاڕی بازرگانیی کاغەز)، کە پێشتر زۆر سست بوو، بەڵام


کتێبخانەیەکی مۆدێرن لەئەوروپا

ئێستە بەهۆی بڵاویيو زۆریی ژمارەی چاپخانەکانەوە لەسەر ئاستی جیهان بازرگانیەکەی گەرم بووەو تا سەرەتای سەدەی پێشوویش هەروابوو.

داهێنانی چاپخانەی بزۆك کاریگەریی گەورەی خستەسەر چەمکەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گۆڕانی تەرازووی هێزەکان، بەڵکو ئەم داهێنانە پایەکانی کۆمەڵە گۆڕان و ئاڵوگۆڕێکی بەردەوامی چەسپاند، کە تاسەردەمی هەڵاتنی هەتاوی بەرەبەیانی کۆمپیوتەر، بەبێ وەستان و بەبێ بڕانەوە هەر بەردەوام بوو. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا گۆتەنبێرگ خۆی نەیتوانی بەهۆی داهێنانەکەیەوە وەکو سوودمەندەکانی پاش خۆی دەوڵەمەند ببێت.

بەردەوامبوونی زنجیرەی داهێنانە مرۆییەکان لە درێژایی مێژوودا بووە هۆی تەقاندنەوەی ئەو شتەی، کە پێیدەگوترێت (چاخی زانیاری) و ئەم چاخەش بۆخۆی هەر یەکێکی ئەڵقەکانی ئەو زنجیرەیە، ئەڵبەت لەڕووی کاریگەرییەوە داهێنانەکان دەکەونە پێشی سەردەمی تەقینەوەی پەرشبوونەوەی زانیارییەکانەوە، لەسایەی ئەم شۆڕشەی بواری زانیارییەکاندا گۆڕانەکان بنەڕتی بوون و پێش ئەوەی لەسەر ڕواڵەت دەربکەون، چاکسازییان لە کرۆکی مەسەلەکاندا کرد، لەبەرئەوە هەنگاوی گۆڕان و پێشهاتەکانیش خێرا و بەپەلەبوون، هەر رۆژە و سیمایەکی نوێی داهێنان، تەکنیکێکی ئەندازەیی نوێ، هەر رۆژە و نوێکارییەکی بێشومار. ئەوەتا لە داهێنانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنەوە داهێنانی ئامێرەکانی گۆڕینو سلیکۆنو دەزگاکانی چاپکردنو چاپەمەنیو سیستمەکانی کۆدکردنی دیجیتاڵو لاپتۆپو کۆمپیوتەری گەورە پەیدابوون، تا دەگاتەوە بە کۆمپیوتەرەکانی پێکەوەگرێدانی نێتۆرك و مانگی دەستکردو شۆڕشی پەیوەندیکردن لە شێوەی ئینتەرنێت، ئیمەیل، مۆبایلو شتی تری لەو بابەتەدا.

### ٢. ئەو پێشبینییانەی لە چاخی زانیاریدا گۆڕان:

سەرباری ئەوەی، کە تەکنەلۆژیا کاریگەرترین کارای ڕاپەڕینەکەی ناو بواری چاخی زانیارییە، کۆمەڵە مەسەلەیەکی تریش هەن، کە دەستو بەشدارییان هەبووە لە هەڵهێنانی هەتاوی چاخی زانیاریدا، وەك دیاردەی ئابوریی نوێ ، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر بەرپاکردنی کۆمەڵێك گۆڕانکاری هەبووە لەناو هۆشو خەونی خەڵكو لەناو پەیداکردنی مانای نوێ بۆ کۆمەڵە چەمكو زاراوەیەکی وەکو:

١. بەها: دروستکردنی جیاوازیی بنەڕەتی لە چۆنیەتیی بەهاو گەڵاڵەبوونیدا.

٢. چەمکی بۆشاییو ڕۆڵی میانەکاریی ژمێرەیی لە خەملاندنی بەهادا.

٣. گرنگیی زەمەن ڕۆڵی زەمەن لە دەستنیشانکردنی بەهای شتەکاندا.

٤. ڕۆڵی مرۆیی: لە دەستنیشان کردنی خەسڵەتەکانی بەهادا.

٥. گەشە: یەکێکی ئەنجامەکانی بەهای شتەکانە.

٦. پاڵنەر: ئەمەیان مەسەلە سەرەکییەکەی دەرچوونە بەرەو واقعێکی گریمانەیی.

### ٣. ناوەرۆکەکانی کتێبخانەی گریمانەیی:

پێش چوونە سەرباسی ناوەرۆکەکانی کتێبخانەی گریمانەییو ناوەخنەکەی، پێویستە ئاماژەیەك بە بەرەوپێشچوونەکانی ئەو بوارانە بدەن، کە باسمان کردنو بۆ داهێنانی کتێبخانەیەکی گریمانەیی پێویستن. سەرباری ئەوەش دەبێ پێشبینی ئەوە بکەین، کە چۆن کتێبخانەی گریمانەیی سێبەری دەخاتە سەر ئاواتو ویستەکانی بەکارهێنەرانی.

کتێبخانەی گریمانەیی بریتیە لە کۆمەڵێك فایلو تۆمارو ئاماری بیانیو وێنە، کە لەمیانەی ئینتەرنێتەوە رەوانە دەکرێتو بە جیهاندا دەنێردرێت. کۆمەڵێکی زۆر زانیاریی کۆمەڵایەتی، سیاسی، هونەری، فکری، ڕیکلامی، فەلسەفی، ئاینیی، یان ئابوریی تێدایەو دەگات بەو کەسەی، کە خۆی مەبەستیتی چنگی بکەوێتو جگە لەوەش کتێبخانەیەکی کراوەو ئازادیشە، تۆ کام بەشەیت مەبەست بوو، دەتوانیت چاپی بکەیت وبیخەیتەسەر کاغەز بۆخۆت. لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی کتێبەکانی بوونێکی گریمانەییان هەیە و هیی ئەوە نین بە ئاو و ئاگر بفەوتێن، یان بدزرێن یان ون ببن.

لەگەڵ رۆژگاردا ئەم جۆرە کتێبخانانە پەرەیان سەندووەو بواری ئەوەیان خستۆتە بەردەستی بەکارهێنەران، کە بەبێ ئەوە لە یەکترەوە نزیك بن بیریان ئاڵوگۆڕ بکەن و لەم ڕووەوە دەکرێ گۆڕینەوەی بابەتو زانیارییەکان لەنێوان بەکارهێنەرەکاندا یان بە کڕینو فرۆشتن بێت، یان بە بەخشین، یان بە گۆڕینەوە بە بابەتی تر.

### ٤. کتێبخانەی واقعیو کتێبخانەی گریمانەیی:

وەك نەریت وا ڕاهاتووین، کە کتێبخانەی واقعی کۆمەڵە زانیارییەك پێشکەش دەکات، کە لە شوێنێکی تر دەست ناکەون. ڕازگری کتێبخانەکان ناوەندێك بوون لەنێوانی خوێنەرانی کتێبەکان و سەرمایە سەفتەکراوەکانی سەر ڕەفەکاندا. لەسەر شێوەی ئەم کتێبخانە نەریتییانە شێوەی کتێبخانە گریمانەییەکان وەرگیراون، شیکەرەوەیەکی ئەلیکترۆنی بۆ گریمانەییەکان دانراوە، کە ڕۆڵی رازگری کتێبخانەی واقعی دەبینێت. بێگومان چاخی زانیاری نوێکاریی زۆری لەم بوارە داهێنایە گۆڕێ، خوێنەری کرد بە کەسێکی بەرهەمهێنو ئینتەرنێتو دەروازەکانی ئینتەرنێتیشی کرد بە کتێبێکی کراوە. فرەڕەنگیو زۆریی بێشوماری لایەنی فکریو ئابوریی بابەتەکان لە تایبەتمەندێتییەکانی کتێبخانەی گریمانەیین، لەبەرئەوە توانای ئێستای کتێبخانەی گریمانەیی چەندان هێندەی کتێبخانەی واقعی دەبێت، ئەمەش وایکردووە ئاستەکانی گرنگیدان بە کتێبخانە واقعییەکانی ناو شەقامو شارەکان کەمتربێتەوە.

پەراوێزەکان:

١– کتێبێکە باسی سەرەتاکانی داهێنانی چاپخانەی بزۆك دەکات.

٢– تیروکەوانی وێڵزی بۆیەکەمجار لە شەڕێکدا بەکارهێنرا، کە لە نزیك گوندی (ئازنکۆرت) لە ساڵی (١٤١٥) دا ڕوییداوەو بەهۆی بەکارهێنانی ئەو تیروکەوانانەوە کە ئینگلیزەکانی خەڵکی وێڵز کارامەییانە بەکاریاندەهێنان شەڕەکەیان بردەوە، ئەگەرچی فەرەنسییەکانی دوژمنیان لە ژمارەدا لە ئینگلیزەکان زۆرتریش بوون.

٣– شیڤا، یەکێکە لە سێ خواوەندەکەی لای هیندۆسەکان، دووانەکەی تریان بریتین لە (براهما و ڤیشنۆ)، شیڤا ئەوەیانە کەبڕیاری بوونو زۆربوونی مرۆڤ و چارەنووسیانی بەدەستە.

٤– گۆتەنبێرگ (ناوە راستەکەی بریتییە لە گینس فلایش١٣٩٨–١٤٦٨) چاپکارێکی ئەڵمانییە، ئەو جۆرە چاپخانەیەی داهێناوە، کە دەبێ بۆ چاپکردن دانەدانە پیتەکانی بۆ ریز بکەیت.

سەرچاوە

*گۆڤاری (العربیة/شهریة محكمة متخصصة في مجال المعلومات/ النادي العربي للمعلومات).

# زانستی پێڕستو دۆکۆمێنتاری

## "بەشی چوارەم"

د. شاكر السعيد
و. یاسین قادر بەرزنجی- ساکار عەلی عەبدوڵڵا

### پێڕستی وەسفیی
### Descriptive Cataloging

بەشێوەیەکی گشتیی، پێڕست بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەکرێت:

١-پێڕستی وەسفیی: ئەو پێڕستەیە بایەخ بەوەسفی شێوەی مادیی کتێبو سەرچاوە دەدات لەرێی هەندێ زانیارییەوە کەوا وێنەیەکی بچووککراوە دەداتە خوێنەر سەبارەت سەرچاوەکان بە مەبەستی ئاسانکاریی ناسینیانو جیاکردنەوەیان لەسەرچاوەی تر.[1] هەرچەندە پرۆسەی وەسف بۆ ناسینی سەرچاوە پەیوەستە بە پێکهاتەی مادیی، نەك بەبابەتی سەرچاوەکەوە.

٢-پێڕستی بابەتیی: ئەو جۆرەیە لە پێڕست، کە بایەخ دەدات بە پێکهاتەی ناوەرۆکی فکریی، یان بابەتیی سەرچاوەی زانیاریو خۆیشی لە سەرەبابەتەکاندا دەبینێتەوە.

### پێڕستو تەکنیکەکانی

تەکنیکی تایبەت بە پێڕست بەوە پێناسە دەکرێت کە کۆمەڵێ بنەمای پێویستە بۆ رێبەری کردنی پێڕستکاران لەکاتی ئامادەکردنی پێڕستی کارتەکاندا کە دەروازەو زانیاریی وەسفی لەخۆ دەگرن، دەتوانین بڵێین گرنگترین تەکنیکی پێڕستی نوێ کە یارمەتیی یەکخستنو چاککردنی پرۆسەی پێڕستی داوە لە کتێبخانەکاندا، رێسای پێڕستی (ئەنگلۆ- ئەمریکی) و (تەکنیکی نێودەوڵەتی وەسفی بیبلیۆگرافی)ن.

سەبارەت بە رێسای پێڕستی ئەنگلۆ- ئەمریکی کە بە (AACR) ناسراوە، یەکەمین چاپی ساڵی ١٩٦٨ دەرکراوە لە دوو تێکستدا کە یەکەمیان تایبەتە بە ئەمریکای باکوورو دووەمیشیان تایبەتە بە بەریتانیا، ئەوەش لە ئەنجامی هەندێ جیاوازیدا بوو لە روانینە بنەماکان، دیارە چوار لایەنی تایبەتمەند بە کاروباری کتێبخانەو زانیارییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی بەشدار بوون لە دەرکردنی ئەو رێسایانەدا، ئەوانیش بریتی بوون لە :

١-کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمریکا
٢-کتێبخانەی کۆنگرێس
٣-کۆمەڵەی کتێبخانەکانی بەریتانیا
٤-کۆمەڵەی کتێبخانەکانی کەنەدا

چاپی یەکەمی (AACR 1) لەم بەشە سەرەکییانە پێکهاتبوو:

یەکەم: دەروازە (Entry)و سەر (Heading)، ئەمانە لە پێنج بەش پێکهاتبوونو تایبەتبوون بە بنەماکانی دەروازە.

دووەم: وەسف (Description) کە لە چوار بەش پێکهاتبوونو تایبەت بوون بە بنەماکانی وەسفی کتێبو خولاوەکانو چاپکراوە یەکەمینەکانو لەبەرگیراوەکان.

سێیەم: سەرچاوەی جگە لە کتێب (Non-Book Materials) کە بریتین لە شەش بەش، ئەوانیش بنەمای تایبەت بە فیلمو نەخشەو ئەتلەسو تۆمارە دەنگییەکانو وێنەو.. تاد.

هەر لەگەڵ دەرچوونی چاپی یەکەمی بنەماکانی پێڕستی ئەنگلۆ- ئەمریکی، داواکراوە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بەتایبەت کە لەگەڵ بیروڕاکانی کۆنگرەی پاریس بۆ پێڕستی نێودەوڵەتیی بە تەواویی نەدەگونجا، ئەو کۆنگرەیەی لەلایەن یەکێتی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی کتێبخانەکان (IFLA) وە ساڵی ١٩٦١ سەرپەرشتیی کرا. هەرچۆن لەگەڵ دەرچوونی ئەو چاپەدا کۆمپیوتەر لە کتێبخانەکاندا بەکارهاتو ئەوەش وایکرد چاو بەو بنەمایانەی پێڕستەکەدا بگێڕدرێتەوەو بە پێی پێویستی کتێبخانەکان راستکردنەوەی تیادا بکرێت.

ساڵی ١٩٨١ دووەمین چاپی (AACRZ) بڵاوکراوەتەوە، کە بەری رەنجی کۆمەڵەی کتێبخانەکان بوو لە ئەمریکاو بەریتانیاو کتێبخانەی کۆنگرێسو کتێبخانەی بەریتانیو لیژنەی کەنەدیی بۆ پێڕست، ئەم چاپە کاریگەریی بیروڕاکانی پاریسو هەوڵەکانی رێکخراوی یۆنسکۆو یەکێتی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی کتێبخانەکان (IFLA)ی لەسەربوو، لەگەڵ کاریگەریی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە کارەکانی پێڕستداو بەتایبەت پێڕستی خوێندراوی ئەلکترۆنی (MARC).

دووەمین چاپی بنەماکانی پێڕستی ئەنگلۆ- ئەمریکی (AACR2) گۆڕانی بنەڕەتی بوو لە رێگای بەنێودەوڵەتی کردنی بنەماکانی پێڕستدا، هەربۆیە زۆربەی وڵاتان، بە وڵاتە عەرەبییەکانیشەوە وەریانگێڕا، ساڵی ١٩٨٣ وەرگێڕدراوی عەرەبیی ئەو چاپە لەلایەن کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئوردنەوە بڵاوکراوەتەوە.[2]

سەبارەت بە خاڵبەندیی نێودەوڵەتی وەسفی بیبلیۆگرافیی (ISBD)، یەکەمین چاپی ساڵی ١٩٧٤ بڵاوکراوەتەوەو ساڵی ١٩٧٨ ئەو چاپە پێداچوونەوەو وردبینی بۆ کراوە، ئەم خاڵبەندییە کە لەلایەن IFLA وە بڵاوکراوەتەوەو بریتی بووە لە (وەسف)و دەروازەکانی لە خۆنەگرتووە، زانیارییە بیبلیۆگرافییەکان بەسەر چەند بەشێکدا دابەشبوون کە بەنیشانە ژمارەییە دیاریکراوەکان بەیەکترەوە بەستراونەتەوە، هەر نیشانەیەو ئەرکێکی تایبەت دەبینێو مەبەستی گشتیش لەم خاڵبەندییە یاریدەدانە لە هاوکاریو ئاڵوگۆڕو پەیوەندیی نێودەوڵەتیی لە بواری زانیاریی بیبلیۆگرافیدا لەرێی:

یەکەم: تۆماری سەرچاوە جۆراوجۆرەکان توانای بەکارهێنانیان دەبێت، تۆماری دەرچوو لە وڵاتێکی دیاریکراودا لە توانادایە لە وڵاتێکی دیکەدا بە ئاسانی سوودی لێ وەربگیرێت.

دووەم: یارمەتیدان بۆ گۆڕینی تۆمارە بیبلیۆگرافییەکان لە شێوازە تەقلیدییەکەدا بۆ شێوەی خوێنراوی ئەلکترۆنیی بەهۆی کۆمپیوتەرەوە.

سێیەم: یارمەتیدان بۆ شیکردنەوەی تۆمارکراوەکانو لێکدانەوەی ئاستەنگە زمانەوانییەکان.

یەکێتی نێودەوڵەتیی کۆمەڵەی کتێبخانەکان (IFLA) ئەم تەکنیکە نێودەوڵەتییانەی دەرکردوە:

-خاڵبەندیی نێودەوڵەتیی بۆ وەسفی بیبلیۆگرافیی (گشتی/ تدوب ع) (ISBD)G ساڵی ١٩٧٤.

-خاڵبەندیی نێودەوڵەتیی بۆ وەسفی بیبلیۆگرافیی (کتێب/ تدوب ك) (ISBD)M ساڵی ١٩٧٨.

-تەکنیکی نێودەوڵەتی وەسفی بیبلیۆگرافیی (زنجیرەکان/ تدوب د) (ISBD)S ساڵی ١٩٧٧.

-تەکنیکی نێودەوڵەتیی وەسفی بیبلیۆگرافیی (کتێبی کۆن) (ISBD)A ساڵی ١٩٨٠.

-خاڵبەندیی نێودەوڵەتی وەسفی بیبلیۆگرافیی (کەرەستەی جیا لە کتێب/ تدوب م. غ. ك) (ISBD)NBM ساڵی ١٩٧٧.

-خاڵبەندیی نێودەوڵەتیی وەسفی بیبلیۆگرافیی (موزیك) (ISBD)P.M ساڵی ١٩٧٧.

-خاڵبەندیی نێودەوڵەتیی وەسفی بیبلیۆگرافیی (بابەتی نەخشە) (ISBD)C.M ساڵی ١٩٧٧.

تائێستاش کۆشش بەردەوامە بۆ ئامادەکردنی خاڵبەندی دەستنووسەکان (MS)و وتاری خولاوەکان (CP).

خاڵبەندیی نێودەوڵەتیی بۆ وەسفی بیبلیۆگرافیی پێشکەوتنی گرنگ بوو بۆ زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان بەشێوەیەکی گشتیو بۆ پێڕست بەشێوەیەکی تایبەتی، چونکە ئاسانکارە بۆ ئاڵوگۆڕی نێودەوڵەتیی بۆ زانیارییە بیبلیۆگرافییەکان لەرێی یەکخستنی رەگەزەکانی وەسفو دیاریکردنی سیستمو رێکخستنی تایبەتیی ئەو رەگەزانە لە کارتی پێڕستدا، هەروەها دیاریکردنی سیستمی گونجاو بۆ ئەو هێمایانەی کە لە ژمارەکردنیاندا بەکاردەهێنرێن.

### رەگەزەکانی کارت، یان بەشەکانی

یەکەم: دەروازەی سەرەکیی کە دەکرێ بەمانە بێت:

١-نووسەر Author.

٢-ناونیشان لەکاتێکدا کە نووسەر دیاری نەکرابێت.

دووەم: پانتایی کارت کە بڕگەی یەکەمێتیو سێ بەش لەخۆدەگرێت:

١-بەشی ناونیشانو زانیاریی دانان کە بریتییە لە:

ا-ناونیشانی گونجاو.
ب-ناونیشانی بەرامبەر.
ج-ناونیشانی تر وەکو ناونیشانی ئەلتەرناتیفو ناونیشانی یاریدەدەر.
د-زانیاریی دانان کە بریتییە لە :
-نووسەر.
-نووسەرە بەشدارەکان Goint Author.
-وێنەگر.
-راستکەرەوە.
-شیکەرەوان یان توێژەران.
-پێشەکی نووس
-کورتکەرەوە و..تاد.

٢-بەشی چاپ Edition:
ا-زانیاریی چاپو خەسڵەتی.
ب-ژمارەی چاپ.
ج-زانیاریی دانان پەیوەست بە چاپەوە.

٣-بەشی زانیاریی بڵاوکردنەوە Imprint Area:
ا-شوێنی بڵاوکردنەوە place of publication.
ب-بڵاوکەرەوە Name of publication.
ج-مێژووی بڵاوکردنەوە Date of publication.
د-شوێنی چاپو لەچاپدەر Place of printing.

٤-بەشی لاپەڕەکان Collection Area:
ا-دیاری کردنی ژمارەی بەرگەکانو لاپەڕەکان.
ب-کەرەستەی روونکردنەوە Ilpustrative.
ج-قەوارە Size.

٥-بەشی زنجیرە Series Area:
ا-ناونیشانی زنجیرە.
ب-ناونیشانی فەرعی ئەگەر هەبێت.
ج-ژمارەی کتێب لە زنجیرەدا ئەگەر هەبێت.

سێیەم: بڕگە زیادەکان لە کارتدا:

کە بریتییە لەدووبەشو دیاریکردنی بەدواداچوون، ئەوانیش:

١-بەشی سەرنجو ناوەرۆك Notes Area:

بۆ تۆمارکردنی تێبینی گرنگ کە لەکارتدا نەنووسراون، هەروەها تۆماری ناوەرۆك، دەبێ دوورایی تایبەت بدرێتە هەر سەرنجە.

٢-بەشی ژمارەی نێودەوڵەتیی کتێب (ISBN) کە بریتییە لە :
ا-ژمارەی نێودەوڵەتیی کتێب ISBN .
٢-بەرگ BINDING.
ج-نرخ PRICE.

چوارەم: بەدواداچوون (دەروازەی زیادە بۆ کارت) TRACING:

دیاریکردنی دەروازەی زیادەیە بۆ کتێب، یان لەسەر رووی کارت یاخود لە پشتەکەیدا دەنووسرێن، ئەگەر لەسەر رووەکەی بوو ئەوا لە دوای بەشی حەوتەم (ISBN)و پێش کونی کارتەکە دەنووسرێو بەم شێوەیە:
-سەرەبابەتەکان.
-نووسەرە بەشدارەکان، وەرگێڕەکان..تاد.
-ناونیشان.
-زنجیرە.

ئەم نموونە کارتە، چۆنێتی رێکخستنی بەشە جیاوازەکانو زانیارییەکان نیشاندەدات لەسەر پانتایی کارتی پێڕست:

| |
|---|
| ژمارەی پۆلین |
| هێمای نووسەر  دەروازەی سەرەکیی (نووسەر یان ناونیشان) |
| ناونیشانی سەرەکیی: ناونیشانی فەرعی، یان، ناونیشانی ئەلتەرناتیف=ناونیشانی بەرامبەر/دیاری کردنی بەرپرسیاریی یەکەم؛ دیاریکردنی بەرپرسیاریی دواتر. -چاپی، تێبینی دیاریکرلو لەسەر چاپەکە/ دیاریکردنی بەرپرسیاریی تایبەت بە چاپ. |
| -شوێنی بڵاوکردنەوە: بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوە: (شوێنی چاپ: چاپخانە، مێژووی لە چاپدان). |
| ژمارەی لاپەڕەکان یان بەشەکان یان بەرگەکان: کەرەستەی روونکەرەوە؛ قەوارە+بابەتی هاوپێچ. -(زنجیرە؛ ژمارەی کتێب لە زنجیرەدا). |
| تێبینییەکان. |
| ژمارەی پێوانەیی نێودەوڵەتیو بەرگ تێگرتن: نرخ یان مەرجەکانی کڕین. |
| ١-سەرەبابەت  ٢-سەرەبابەتی تر. |
| ا-نووسەری بەشدار یان وەرگێڕ... تاد.  ب-ناونیشان.  ج-زنجیرە. |

پەراوێزەکان:

١-عمر احمد همشهری، اساسيات علم المكتبات و التوثيق و المعلومات، ص/١٦٢.

٢-قواعد الفهرسة الانكلو-امريكية: الطبعة الثانية، ١٩٧٨، تعريب محمود اتيم، عمان: جمعية المكتبات الاردنية،١٩٨٣.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library

NO. 8 – 13/5/2010


## فەرهەنگی کتێبخانە.. ژێدەرێکی دەوڵەمەند بۆ کارمەندی کتێبخانەکان

لەم ڕۆژانەدا، یەکێك لە چاپکراوە بەنرخەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە کە ئەویش کتێبی (فەرهەنگی کتێبخانە)یە کە دەبێتە یەکەمین فەرهەنگی کوردی–عەرەبی–ئینگلیزی لە هەر سێ بواری زانستی کتێبخانەو زانیارییەکانو دوکیۆمینتدا)و ئامادەکاری فەرهەنگەکەش مامۆستا(شێرزاد سەعید محەمەد)ی مامۆستای بەشی کتێبخانەو زانیارییەکان لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانیو راوێژکاری بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە)یە.

ئەم فەرهەنگە کە لە ٣٥٥ لاپەڕەدایە، وێڕای دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیی، دەبێتە سەرچاوەیەکی هەرە گرنگ بۆ کارمەندانی کتێبخانەو زانیارییەکانو خوێندکارانی ئەو بوارە.




## شاژنی ئوردون و کتێبێك بۆ منداڵان

**ئا: محەمەد مێرگەیی**

شاژنی وڵاتی ئوردن (ڕانیا عەبدوڵڵا) کتێبێکی نوێ بۆ منداڵان بە زمانی ئینگلیزی بەناوی ( The Sandwich Swap) واتە (گۆڕینەوەی سەندەویچ) لە کتێبخانەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەردەکات. کتێبەکە سەرنج دەخاتە سەر گرنگیی ڕێزگرتن و لێبوردەیی و لەیەکترگەیشتن و قبوڵکردنی بەرامبەر لەلای منداڵان و گەنجانی نێوان کلتوورە جیاوازەکان. ڕووداوی ناو چیرۆکی کتێبەکەی لە ژیانی تایبەتی منداڵیی خۆیەوە وەرگرتووەو باس لە دوو کچە بچکۆلەی هاوڕێ دەکات لە قوتابخانەدا.

ئەمەو نووسەر مانگی رابردوو لەکاتی ئامادەبوونی لە وڵاتە یەکگرتووەکان، وەك ناساندنێك بۆ کتێبەکەی، خۆی چەند بەشێکی بۆ منداڵان لە یەکێك لە قوتابخانەکانی شیکاگۆ و قوتابخانەی نێودەوڵەتیی نەتەوەیەکگرتووەکان خوێندەوەو دەربارەشی گفتوگۆی لەگەڵ منداڵەکان کرد.




شایەنی ئاماژە پێدانە کتێبەکە لە پێشەوەی لیستی ڕۆژنامەی (نیویۆرك تایمز) بۆ باشترین کتێبە فرۆشراوەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هاتووە و پلەی یەکەمی لە لیستی کتێبە وێنەدارەکانی منداڵان بەدەستهێناوە.

سەرچاوە:www.moheet.com

## لە چوار مانگی رابردوودا
## چاپەمەنییەکان دەگەنە کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی

**تابان**

بەپێی راپۆرتێکی بەشی دابەشکردنی چاپکراوەکان لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی، لە چوار مانگی رابردوودا (١/١–٢٠١٠/٤/٣٠) بەشێوەیەکی رێكوپێك چاپکراوەکان (کتێبو گۆڤارو رۆژنامە) بەسەر کتێبخانەی سلێمانیو لقەکانیدا لەشارۆچکەکان دابەشکراون.

راپۆرتەکە رایدەگەیێنێ کۆی گشتیی کتێبە کوردییەکان ١٦٤٣و کتێبە عەرەبییەکان ٣٦٦و گۆڤارەکانیش ١٠٢٦ بوون، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەکان، لە دابەشکردنەکەدا کتێبخانەی سلێمانی بەشی زۆرتری بەرکەوتووە کە دەکاتە ١٩٧ کتێبی کوردیو ٣٩ی عەرەبیو ١٠٩ گۆڤار، پاشماوەی چاپکراوەکانیش بەسەر کتێبخانەکانی تردا دابەشکراون کە بریتین لە (هەڵەبجە، بەکرەجۆ، سەیدسادق، پێنجوێن، شارەزوور، دەربەندیخان، دوکان، عەربەت، چوارتا، قەرەداغ، خورماڵ، بازیان، پیرەمەگرون، ماوەت، بەرزنجە، تەوێڵە، بیارە، خدرانو سەرگەڵو).

جێی سەرنجە، مانگانەو بەشێوەیەکی بەردەوام لە بڕە بودجەی کتێبخانە گشتییەکان سەرچاوەی نوێ بۆ سەرجەم کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان دابین دەکرێت، ئەمە وێڕای ئەو چاپکراوە دیارییانەی دامودەزگانی بڵاوکردنەوە پێشکەشیانی دەکەن.

## سکانەرێك
## ٢٠٠ لاپەڕە لە چرکەیەکدا دەخوێنێتەوە



**المحيط**

زانکۆی تۆکیوبی ژاپۆنی توانیویەتی گەشە بە سکانەر بدات بەشێوەیەك لەیەك چرکەدا ٢٠٠ لاپەڕە بخوێنێتەوەو وێنەی بگرێتەوە.

بەپێی ئەو هەواڵە، سکانەرە داهێنراوەکە کامێرایەکی ئەوتۆی تێدایە کە خێرایی دەگاتە گرتنەوەی ٥٠٠ گرتە لەچرکەیەکدا.

ئەو ئامێرە توانای وێنە گرتنەوەی سێ مەودایی هەیەو پاشان ئامێرەکانی کۆمپیوتەر بەشێوەی دوو مەودایی دەیپارێزنو بابەتە سکان کراوەکان نیشان دەدەنەوە.

## منداڵی چینی "هەزارویەك شەوە" دەخوێننەوە

**طريق الأخبار**

لەتازەترین راپرسیدا کە ئەکادیمیای چینی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامیداوە، دەرکەوتووە منداڵە چینییەکان حەز بە خوێندنەوەی چیرۆکە خەیاڵییەکان دەکەن، لەسەروو هەموویانەوە چیرۆکەکانی (ئەندرسن)و (هەزارویەك شەوە)ی عەرەبیی.

ئەنجامی راپرسییەکە کە پێنج مانگی خایاندوە لە ٤/٢٣دا (رۆژی جیهانیی کتێب) راگەێنراو ٩٩٠ هەزار منداڵ لە ٣٥ شاری سەرانسەری وڵاتی چیندا بەشدارییان تیایدا کردبوو.










سەرنووسەر: یاسین قادر بەرزنجی

راوێژکاران: ئاری بابان ـ شێرزاد سەعید

ستافی کارا: ساکار عەلی عەبدوڵڵا ـ تابان حەسەن

نەخشەساز: مەهدی ئەحمەد

تایپو هەڵەبڕی: بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین

کارگێڕی: ئاشتی دانش



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی

ت: ٣١٢٢٧١٦، ٠٧٥٠١٥٢٧٣٣٧

Email: asoyktebkhana@yahoo.com